

# پیلانگێڕی نێودەوڵەتی
# دژ بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان

## (لە 9 .10 .1998 تا 15 – 2 – 1999)

# پيلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان

(لە 9 ـ 10ـ 1998 تا 15 - 2 - 1999)

ناویناميلكه: پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان
(لە 9 ـ 10ـ 1998 تا 15 - 2 - 1999)
ئامادەکردن: کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
چاپ: یەکەم ـ 2014
ژمارە: 3000 دانە
چاپخانەی: رەنج


مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پارێزراوە

# روونکردنەوەیەک

**لە 16مین ساڵیادی بەڕێوەچوونی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی (**9 - 10- 1998 تا 15 شوباتی 1999**) دژ بە ڕێبەری گەلی کورد بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان و گەلی کوردستان و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی، بە پێویستمان زانی بەم نامیلکەیە تیشکێک بخەینە سەر لایەنە شارەوەکانی پیلانگێڕییەکە. بۆئەمەش سوودمان لەو پانۆڕامایە وەرگرت کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆمین)دا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها بە پێویستیشمان زانی کەوا بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکانی خودی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلانیش لەم نامیلکەیەدا بڵاوبکەینەوە کە لەبەرگی پێنجەمی پەرتووکی مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیدا بڵاوکراوەتەوە.**

**کۆمینی ڕاگەیاندنی**
**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**
**09.02.2014**

# پانۆرامای پیلانگێڕی نێودەوڵەتی
# (9 - 10- 1998 تا 15 - 2 - 1999)
# لە دژی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان*




نەخشەی دەرکەوتنی ڕێبەر ئۆجەلان لەرۆژهەلاتی ناوینەوە بۆ ئەوروپا

دەسەڵاتدارانی سوپا و دەوڵەتی تورک کە بە بانگەشەی " PKK بنبڕ دەکەین " ەوە دەجووڵانەوە، کاتێک کەوتینە ساڵی 1998 لەوە تێگەیشتن کەوا نە بەئۆپەراسیۆنەکانی نێو سنوورەکانی تورکیا و نە بە ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور ناتوانن هیچ ئەنجامێکی خوزراو بەدەستبێنن. کە ئۆپەراسیۆنی زەبەلاحی " موراد " لە بەهاری " 1998 " سوپای تورک بە زیاتر لە " 39 " هەزار سەرباز و نزیکەی " 400 " جۆر فڕۆکە و هەلیکۆپتەر و تازەترین تەکنۆلۆژیای شەڕ ئۆپەراسیۆنێکی " 15 " رۆژی لەسەر ناوجەرگەی بۆتان و ئامەد ئەنجامدا، خۆی لەخۆیدا ئەم ئۆپەراسیۆنە بەناوبانگترین و یەکێکە لە ئۆپەراسیۆنە مێژووییەکانی دەوڵەت، بەڵام سەرنەکەوتن و ئەنجامنەگرتنی ئەم هێرشە بەرفراوانە رووی ئاراستەی شەڕ و دووژمنایەتیکردن راستەوخۆ درایە سەر رێبەری گەلی کورد " عەبدوڵڵا ئۆجەلان " . ئەم رەوشە کە لایەنی " شاهینەکان - هەڵۆکان " لایەنی بیر و بۆچوونی بەکارهێنانی دژواری لەچارەسەری کێشەی کورددا لاواز دەکرد، لایەنی چارەسەری سیاسی و ئاشتیخواز " کۆترەکان " ی بەهێز دەکرد. هەندێ کەس کە لەمەوە جورئەتیان وەردەگرت سەرلەنوێ کەوتنە نێو لێگەڕینی نوێکردنەوەی چارەسەری ئاشتی و سازشکارانە کە ساڵی " 1993 " تورگوت ئۆزال دەستپێکردبوو. بڵاوبوونەوەی گەریلاکانی " PKK " لە ساڵی " 1997 " دا بە هەرێمەکانی قەرەدەنیز و ئاکدەنیز " دەریای رەش و دەریای ناوەڕاست یان سپی " و ئەنادۆڵی ناویندا، تەنانەت بڵاوبوونەوەی زانیاری دیتنی هەندێک تیمی گەریلا لە ناوچەکانی ئیزمیردا، راستینەی بێ ئاکام بوونی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری " 1994 " ی دەرخستە مەیدان کە بەبانگەشەی بنەبڕکردنی کێشەی کورد دەستپێکرابوو.

بەپێچەوانەوە گەریلا کە هەر لەو سەردەمەدا زیاتر پەرەی بەچالاکییەکانی لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی دا، گەیشتبوونە هەرێمەکانی گارە و سۆران و تا قووڵایی باشووری کوردستان. لەکاتێکدا کە لەبواری سەربازییەوە ئەم پێشکەوتنانە لە پەرەسەندن دابوون، بەڕێوەبەری کارە دیبلۆماسیەکانی ئەو کاتەی " PKK " لە ئەورووپا شاهین جیلۆ ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتی " KKK " رەوشە دیبلۆماسییەکانی ئەوکاتەی دەرەوەی وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە:" دەوڵەتی تورک لە بوارە سیاسی و دیبلۆماسییەکانەدا سەرەڕای هەوڵێکی زۆر بۆ داخستنی دام و دەزگاکانمان لەدەرەوەی وڵات، نەیتوانی ئەنجام وەربگرێت. ئەم دۆڕانەی دەوڵەتی تورک سەرکەوتنی ئێمەی دەردەخستەڕوو. لەسایەی ئەم کارە دیبلۆماسییانەوە خەباتی سیاسییمان زیاتر بەرەو پێش چوو. ئەو پیلانەی دەوڵەتی تورک لە " 94 - 95 " دا بەڕێوەی دەبرد بێ ئەنجامبوون و سەرنەکەوتنی تێیدا زۆر بەڕوونی دەرکەوتبووە روو. بۆ ئەوەی پێش لەمە بگرێت، دەوڵەت کەوتە نێو هەوڵدانی نوێوە. لەو سەردەمەدا لەلایەن گەلێک دام و دەزگای دەوڵەتەوە پەیامی ئەوەمان بۆ دەهات کە دەتوانرێ لەگەڵ دەوڵەتدا سازش بکرێ."

هەروەها شاهین جیلیۆ لەبارەی پەیوەندییەکانەوە ئاماژەی بەچەند خاڵێکی گرنگ دەدا و دەڵێ " یەکێک لەو دەزگایانەی کە لەهەوڵی دانانی پەیوەندی بوون لەگەڵماندا، دەزگای سیخوڕی میللی " MIT " بوو، لە ساڵی " 1997 " دا و لەلایەن میتەوە لەڕێگای هەندێک سیاسەتمەداری کوردەوە نامەیان بۆ دەناردین. میت کۆبوونەوە بە کەسانی ناوبراو دەکات و داوای ناوبژیوانیکردن بۆ پێشکەوتنی قۆناخی سیاسی لێکردبوون." هەروەها یەکێک لە دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت کە لەخاڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد رۆڵی کلیل دەبینێت سوپایە، شاهین ئاماژە بەوەدەکات کە لەلایەن

سەرۆک ئەرکان راستەوخۆ و لەڕێگای " ئۆکچوئۆغڵو " وەوە نامەیەکیان بۆ ناردین، لەنامەکەدا باس لە هەوڵدان بۆ ئاواکردنی زەمینەی سازش دەکرا. لەمەش زیاتر کاتێک " تەۆمان کۆمان " فەرمانداری گشتی جەندرمە بوو لەڕێگای یەکێک لە گەورە بازرگانەکانی کورد " محەمەد محەمەدئۆغڵو"وە نامەیەکی هاوشێوەی نامەکانی دیکەیان بەدەستگەیشتووە. لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوەش دەکات کەوا راوێژکاری پێشووی " میت " ماهیر کایناک بەئاگابووە لەو نامانەی کە رەوانەی بەرپرسانی " PKK " کراوە. هەروەها هاوشێوەی ئەو نامانەی لەسەرەوە باسکراون نامەیەکی دیکەش لەلایەن سەندیکای بەرهەمهێنەر و بازرگانانی تورکیا " TÜSİAD " ەوە و لەسەر هەمان بنەما بەڕێکراوە .

هەر لەو ماوەیەدا عەبدولمەلیک فورات لەنێوان دیمەشق و ئەوروپا کەوتە بەکرە چنینەوە. بەپێی قسەی " دەلیل ئامەد " بەرپرسیاری بیرۆی دیبلۆماسی " PKK " لە دیمەشق، لەسەردانەکەی ع.مەلیک فورات بۆ دیمەشق سەردانی رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلانیشی کردووە. دەلیل کورتەی ئەو دیدارە وەها دەگێڕێتەوە:" سەرۆک ئەرکان ئەو کاتە دەیویست رۆڵێک بە مەلیک فورات بدەین، مەلیک فوراتیش پشتئەستوور بەمە هات بۆ لای سەرۆکایەتی و پێیگوت کەوا؛ دەوڵەتی تورک ئەوی پەسند کردووە. پشتئەستوور بەو رۆڵەی کە سەرۆک ئەرکان پێیدابوو، دەیویست ببێت بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەل " HADEP " . سەرۆکایەتی پێیگوت:" HADEP " بزووتنەوەیەکی گەلە و یاساییە، ئێمە لەم بارەیەوە هیچ شتێک ناڵێین، برۆ ئەگەر گەل پەسندت بکات دەکرێ ببێ، بەڵام بەپێچەوانەوە پەیوەندیمان پێیەوە نییە".

پاش سەردانەکەی بۆ دیمەشق، مەلیک فورات روویکردە ئەوروپا و لەوێش چاوی کەوت بە شاهین جیلۆ نوێنەری " PKK " لە ئەوروپا.

شاهین لەو بارەیەوە بەمشێوەیە دوا:" مەلیک فورات لەلای سەرۆکایەتییەوە ڕاستەوخۆ هات بۆ لام و پێیگوتم: ئەگەر بمکەنە سەرۆکی " HADEP " ئیشەکەتان چارەسەر دەبێ، هیچ فشارێکتان لەسەر نامێنێ، چونکە سەرۆک ئەرکان من پەسند دەکات و منیشی دەوێت. کاتێک لەگەڵ سەلیم ئۆکچوئۆغلۆش دانیشتنمان سازدا، ڕاسپاردەی سەرۆک ئەرکانی پێگەیاندین، گوایا ئەگەر مەلیک فورات ببێتە سەرۆکی " HADEP " چاکترێکە. منیش وەڵامەکەی سەرۆکایەتیم پڕاوپڕ بۆ دووبارە کردەوە". مەلیک کە لە گەشتەکەی دیمەشق و ئەوروپا گەڕایەوە، لەچوارچێوەی " HADEP " پەسند نەکرا، پاشان ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆن پەیوەندی بە شاهین جیلۆوە دەکاتەوە و پێی دەڵێت:" خەتایەکی گەورەتان کرد، خواستی بوون بە سەرۆکی " HADEP " ڕاستەوخۆ خواستی سەرۆک ئەرکان بووە و لەبەر ئەوەی ئەمەش پێکنەهاتووە و سەرینەگرتووە، سەرۆک ئەرکان بەسەر – HADEP – دا دەچێت " ، هەر لەو ماوەیەشدا گەلێک لە بەرپرس و بەڕێوبەرانی – HADEP – دەستگیرکران.

لەلایەکی دیکەوە عەبدولحەلیم خەددام جێگری سەرۆک کۆماری پێشووی سوریاش ڕۆڵی لە هێنانی نامە و ڕاسپاردەکانی دەوڵەتی تورکیادا هەبوو، بەمشێوە باس لەو قۆناخە دەکات:" نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی وەزیری ئەوکاتەی تورکیا داوا لە " جماعة الاسلام " دەکات کە ببێتە ناوبژێوان لەنێو دەوڵەت و " PKK " دا، ئەوانیش ڕاوێژیان بە ئێمەکرد، ئۆجەلان پێشنیازنامەیەکی نووسی، ئێمە ئەو نامەیەمان بەڕێگای کۆنسوڵگەرییەوە گەیاندمانە ئەربەکان.... "

ئەربەکان خاوەن لە نامەکانی ئەو قۆناخە و قۆناخەکانی دیکەش دەرنەکەوت. بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بەلانی کەم خەددامیش بە ئەندازەی شاهین جیلۆ کە " 1998 " وەک بەرپرسیاری " PKK "

لەئەوروپا لەسەرناوی " PKK " بەشداری چەندین دیدار و چاوپێکەوتن بوونە و چەندین کەسی دیکە کە لەنزیکەوە چاویان لە کارەکان بووە، شاهێدی ئەوە دەدەن کە چەندین نامە لەلایەن ئەربەکانەوە نێردراون. خەددام لە چاوپێکەوتنێکی راگەیاندنیدا وەها گوزارشت لەو بابەتە دەکات:" ئێمەش ئەو پێشنیازنامەی " ئۆجەلان " مان لەڕێی کۆنسوڵەکەمانەوە لە ئەنقەرە ناردمان بۆ سەرۆک وەزیری ئەوکاتە نەجمەدین ئەربەکان . پاش خوێندنەوەی نامەکە بەشەرمەوە داوای لە کۆنسۆڵەکەمان کرد کەوا نامەکە لەگەڵ خۆیدا بباتەوە. کۆنسۆڵەکەمان پێی دەڵێت؛ بۆچی دەیدەتەوە بەمن؟. ئەمانە هی ئێوەن و چاوەڕێی وەڵامی ئێوەین.. لە وەڵامدا ئەربکان دەڵێت؛ وەڵام دەدەینەوە بەڵام پێش ئەوە چاوی بە فارماندارێکی هێزە چەکدارییەکانی تورک دەکەوێت ئەوجا و داخوازیکرا کە دۆکومێنتەکان بگەڕێندرێنەوە. کەسی ناوبراویش رەتی کردەوە و دواتریش هەواڵی رەتکردنەوەی بەردەوامکردنی دیالۆگی دەوڵەت لەگەڵ ئۆجەلان لەسەر ئەم بابەتانەمان پێگەیشت. گەر بپرسن کێ ئەو داخوازییەی کرد، وابزانم ئەربەکان بەڕێگای ئەو گروپەی لوبنان داوای بەستی پەیوەندی بەسەر سوریاوە کردبوو.

گرنگترین رەهەند کەبووە هۆی هەوڵی خولقاندنی پێگەی دیالۆگی لەنێوان " PKK " و دەوڵەتی تورک و بووە هۆی راگەیاندنی ئاگربەستی یەکلایەنە لەلایەن رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە، ئەو بانگەوازییە بوو کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانەوە کرا. لەدەرەوەی دیدارەکەی سەلیم ئۆکچو ئۆغلو، ئەمەش لەدیداری نوێنەری " PKK " شاهین جیلۆ لەگەڵ سەرهەنگێکی ئەرکدار لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی گەل گرێدراو بە دووەمین سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی " کە سەرۆکی دووەمی ئەرکانی گشتی ئەوکاتە – چەڤیک بیر – بوو " . کە ئەمەش لەمێژووی بزووتنەوەی

ئازادی گەلی کورددا یەکەمین دیداری راستەوخۆ بوو لەنێوان " PKK " و دەوڵەتدا. لەم دیدارەدا کە بەپێی گوتەکانی جیلۆ، لەلایەن سەلیم ئۆکچو ئۆغلۆ " ئەرکدارکراوی سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی " یش دان دەنێ بە سازدانی ئەو دیدارە، شاهین بەمشێوەیە لەو دیدارە دەوێ:" لەو ماوەیەدا سەرهەنگێکی تورک هات بۆ ئەوروپا، خۆم لەگەڵیدا دانیشتم، ئەو شتانەی کەباسم لێوەکردن ئەویش دانیپێدادەنا و دەیگوت؛ لێرە بەدواوە ئێمەش ناتوانین شەڕ بەردەوام بکەین و ئێوەش، پێویستە میکانیزمێکی دوولایەنە پێکبێنین و شەڕ رابووەستێنین " . لەئەنجامی ئەمەشدا کەش و هەوای ئاگربەستێک خولقا. بەڵام لەکاتێک ئەم دیدارانە بەڕێوەدەچوون، لەبەرامبەر باشووری کوردستاندا ئۆپەراسیۆن ئەنجامدرا. بەتایبەتی کە لەپایزی " 1997 " دا ئۆپەراسیۆنی " " شەفەق " ئەنجامدرا، کۆتایی بەو قۆناخە هێنرا. لەبەر ئۆپەراسیۆنەکان ئێمە دیدارەکانمان بڕی. لەناوەڕاستی ساڵی " 1998 " دا هەمان میکانیزمی پەیوەندی دووبارە کەوتەوە جووڵە و ئەمجارەیان سەرهەنگی نوێنەری سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی دەستیکرد بەهێنانی پێشنیاری پۆزەتیڤ کە تەواوی بەڵگە و زانیارییەکان حاڵی حازر لەئەرشیفدا هەن."

شاهین بەمشێوەیە باس لە پێشنیارە پۆزەتیڤەکان دەکات:" لەحاڵەتی راگەیاندنی ئاگربەستدا هەنگاوی بەرجەستە دەهاوێژرێ، تەنانەت بۆ بەرپاکردن و پێشخستنی قۆناخی ئاگربەست پێویستی پێکهێنانی میکانیزمێک و بۆئەمەش وەگەڕخستنی رۆشنبیر و روناکبیرەکانیان پێشنیار کرد. گوتیان پێویستە رای گشتی کورد و تورک بۆ ئاشتی ئامادە بکرێ. ئەوکاتە زیانیارییەکانمان گەیاندە سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتیش گوتی پێویستە تەدبیری پێویست وەربگیردرێت و بەوشێوەیە هەل و دەرفەت

بڕەخسێنین. لەسەر ئەم بناخەیەش لەڕێکەوتی " 1 ی ئەیلولی 1998 " دا ئاگربەست راگەیندرا."

# یەکەمین ئاماژەکانی پیلانگێڕییەکە

لە " 1 ی ئەیلولی 1998 " رێبەری گەلی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەڕێگای تەلەکۆنفرانسەوە بەشداری بەرنامەیەکی " MED TV " بوو لەوێوە لەپێناو خۆشکردنی زەمینی خولقاندنی پێگەی ئاشتی بانگی ئاگربەستی یەکلایەنەی راگەیاند. لەتورکیاشەوە بەشێوەیەکی سنووردار رۆژنامەوان و ئەندامی راگەیاندن بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون. شاهین دەڵێت:" ئێمە چاوەڕێی ژمارەیەکی زیاتربووین لەتورکیا" و بەمشێوەیە درێژە بەقسەکانی دەدات " لەو دیدارەی لەگەڵ سەرهەنگێک کە لەسەرناوی سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی دەدوا بڕیارمان وەرگرتبوو کەوا بڕیاری ئاگربەستی یەکلایەنە لەکۆنفرانسێکی راگەیاندنیدا رابگەیەنین و دەوڵەت وەکو رابردوو تەگەرەی لەبەردەم بەشداربوونی کەناڵەکانی راگەیاندن نەدەنایەوە، دەوڵەت یەکسەر نەبوو بە کۆسپ، بەڵکو کەش و هەوایەکی وەهای نواند وەک بڵێی کەناڵەکانی راگەیاندن خۆیان نایانەوێت بەشداری کۆبوونەوەیەکی وەها ببن. لەبەر ئەمەش بەشداربوونی راگەیاندنی تورک لەم کۆبوونەوەیەدا زۆر سنووردار بوو."

هێشتا ماوەیەکی زۆر کورت بەسەر راگەیاندنی ئاگربەستی یەکلایەنەی " PKK " دا تێپەڕیبوو کە لە " 16 – ئەیلول " لە شارۆچکەی رەیحانلی ئەسکەندەروونە و لەخیتابێکیدا بۆ گەل، ئاتیلا ئاتەش روونکردنەوە و گوتاری زۆر توند و تیژی خستەڕوو. لەپاش ئەو خیتابەش نوێنەری

سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی دیسان هاتەوە بۆ چاوپێکەوتن بەم شێوەیە وەڵامی ئەو روونکردنەوە دەداتەوە:" ئەمە هەڵوێستێکی تاکیتیکییە، نیازێکی خراپمان نییە و بەمە فشار دەخەینە سەر سوریا و شتێکی دیکە نییە. لەداهاتوودا ئێمەش ئاگربەست رادەگەیەنیین."

جیلۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو دیدارەی ئەنجامدراوە بەسەرۆکایەتیی رادەگەیەنرێ و وەها بەردەوام دەکات:" ئەو کاتە سەرۆک گوتی ئەم رەوشە مەترسیدارە و ئەوانە دەیانەوێت شتێک بکەن و تێگەیشت کە پیلانگێڕییەکی چەپەڵ بەڕێوەیە، بۆ وەرگرتنی تەگبیری پێویست وشیاری کردینەوە. گەریلا وابەستەبوو بە بانگەوازیی سەرۆکایەتییەوە، بەڵام دەوڵەت زیاتر پەرەی دا بەهێرشەکانی و تادەچوو زیاتر بەردەوامی پێدەدا. لەو قۆناخەدا جێگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان " پ د ک " لەلای تورکیا و لەبەرامبەر ئێمە بەردەوامییان دەدا بەهێرشەکانییان، بەرپەرچدانەوەیەکی لاواز لەلایەن گەریلاوە، بووە هۆکاری نیوەچڵ مانەوەی ئاگربەستەکە و بەهێزبوونی لقی " هەڵۆکان " واتا شەڕخوازەکانی ناو دەوڵەت. بەمشێوەیە ئەم قۆناخەی ئاگربەست پراکتیکیانە کۆتایی پێهێنرا. ئەگەر ئەو رەوشانە نەبوونایە دەوڵەتی تورک دەیتوانی هەندێک هەنگاو بهاوێ و بەرەو قۆناخی چارەسەری سیاسی بچێت.

ئۆجەلان لەبارەی چوونی بۆ ئەوروپا دەڵێت:" هەوڵی دەرکەوتنم بۆ ئەوروپا لە رێگەی ئەسیناوە لە (9ی تشرینی دووەمی 1998 )و پاشهاتەکانی دوای ئەویش لەگەوهەری خۆیدا لەکەسێتی مندا گوزارە لە ئیفلاسکردنی تێڕوانینی پارادیگمای هاوچەرخ دەکات. سەرباری تەواوی هەوڵەکانم بۆ وەرچەرخاندنی پێکهاتەی بەگومانی زهنیەتم، بەڵام لەگۆڕەپانی ناوەوەی وڵات نەگەیاندنی بە ئاستی هێزێکی سەرکەوتووی ئازادی؛ ئاشکرایە شانبەشانی ئەو کۆسپانەی لەم لایەنەوە دەرکەوتن،

هەموو ئەمانە ناچاریان کردم روو بکەمە ئەوروپا کە نوێنەری هێزی شارستانی بەکاریگەرە. بە واتایەک ئەم راستینە داننانە بە بێ باوەڕبوون بە هێزی گەوهەری خود. مێژووی رابردوو، بەهەردوو رەهەندی کات و شوێنەوە، گوزارشتی لە بنبەستبوونێکی قووڵ دەکرد. سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکانی بیست ساڵیم (1979 ـ 1999) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێگای لەبەردەم پێشکەوتنی گرنگ کردەوە، بەڵام بەشی ئەوەی نەکرد ئەو گرێ کوێرەیە بەرەو چارەسەرییەکی بەردەوام ببات کە خودی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی کەوتووە."

# هەنگاو بەهەنگاو پیلانگێڕی نێودەوڵەتی

(15- شوبات - 1999) هەر کە هەواڵی دەستگیرکردنی رێبەری گەلی کورد " عەبدوڵڵا ئۆجەلان " لەهەموو لایەکی جیهان دەنگی دایەوە، دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا بانگەوازیان دا بەڕووی تەواوی راگەیاندنەکاندا و گوتیان " لەئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی پاراستن و ئاسایشی دەوڵەتدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیرکرا " . پاش بەسەرچوونی ماوەیەک باشتر راستییەکەی دەرکەوت کە ئەمە گەلەکۆمەکییەکی نێو دەوڵەتییە و لەو ئۆپەراسیۆنەدا کێ چ رۆڵێکی هەبووە و ئەو یارییانەی کە مرۆڤ سەرسام دەکەن چۆن ئەنجام دراون.

لە پەرلەمانی تورکیادا سلێمان دێمرێل سەرۆککۆماری ئەوکاتەی تورکیا قسەی کرد و بڕیاری بەکارهێنانی هێزی وەرگرت لەبەرامبەر سوریا، لەرەوشێکدا گەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەخاکەکەیدا دەرنەکات، ئاماژەی یەکەمینی ئەمەش رۆژی " 16ی ئەیلولی 1998 " سەرۆک ئەرکانی هێزی

وشکانی جەنەڕاڵ ئاتیلا ئاتەش لەناوچەی رەیحانلی سەر بە شاری ئەسکەندەروونە لەگوتەیەکیدا بۆ گەلی هەرێمەکە ئاماژەی پێدا و دەیگووت:" ئیدی سەبرمان نەما".
دێمرێل لەقسەکانیدا لە پەرلەمانی تورکیادا، بەشێوەیەکی زۆر توند دەوڵەتی سوریا وشیار دەکاتەوە و پێداگیری لەسەر رێگەنەدان بەهیچ شێوە بەرپەرچدانەوەیەک و دەیگوت؛ هێزی چەکداری دەوڵەتی تورک لە " 5 – تشرینی دووەم " دا لەخاڵی سفری سەر سنووری سوریا بە " 35 " هەزار سەربازەوە مانۆڕێکی سەربازی ئەنجامدەدەن و بەگوێرەی ئەوەش لە ئامادەکاریدان و فڕۆکە جەنگییەکانی تورک لەسەر سنوورەکانی سوریا دەستیان کرد بە پشکنین. هەر لەو ماوەیەدا ئیسرائیل – تورکیا – ئەمریکا بە بیانووی ئەنجامدانی مانۆڕێکی سەربازی هاوبەش هێزی سەربازییان لە ئاکدەنیز " دەریای ناوەڕاست " مۆڵ دا و مۆڵگەکانیش بەگوێرەی بەکارهێنانی مووشکی گەورە ئامادە دەکران.
بەرپرسی بیرۆی " PKK " لە دیمەشق " دەلیل ئامەد " لەبارەی رەوشی نالەباری سوریا لەو سەردەمەدا وەها دەدوێ:" بەر لە لێدوانەکەی ئاتیلا ئاتەش، لەنێوان دەوڵەتی تورک و سوریا و لەنێو دەوڵەتی سوریا و ئێمەدا جموجوڵێکی چڕوپڕی دیبلۆماسی هەبوو. لەبارەی دەرخستنی سەرۆکایەتی لە سووریا روونکردنەوە و لێدوانی زۆر توند دەدران. لەڕاستیدا پێشتر لەم شێوە لێدوانانە پێشخرابوون، بەڵام نەک بەم ئەندازەیە، لەساڵی " 1996 " دا هەوڵی لەو جۆرەی تورکیا هەبوون و راستییەکەشی سوریا بەگەرمی لێی دەڕوانی، بەهەندێک رێگای دیبلۆماسی توانیبوومان بەرلەوانە بگرین، بەڵام ئەوەی " 98 " زۆر جیاواز بوو."
دەزانرێ کە رێبەری گەلی کورد لەساڵی " 1979 " وە لە لوبنان و سوریا دەژیا، تورکیا لەم بارەیەوە زۆرجار هەڕەشەی لە لوبنان و سوریا کردبوو،

بەڵام بۆ یەکەمجاربوو بەوشێوەیە جددی و سووربوو لەسەری، باشە توركیا ئەم جورئەتەی لەکوێوە وەردەگرت؟ ئۆجەلان بەم شێوەیە گوزارەی لێوە دەکرد:" هەر سیاسەتێک لەسەر کورد بێ ئینگلتەرە بیری لێنەدەکرایەوە. لەگەڵ لەدایکبوونی ئیسرائیل چاودێریکردن بەدەستی مۆساد بەڕێوە دەبرا، هاوشان لەگەڵ تاڵەبانی و بەرزانی گەلێک کوردی دیکەش خرابوونە نێو سیستەمەکەوە. بەڵام ڕەوش و پێگەی " PKK " ئەو سیستەمەی تێکدەدا، هەڕەشەبوو بۆ ئەو هاوسەنگییانەی کە لەسیستەمەکەوە خولقابوون، لەبەر ئەمەش من بە بەرپرسیاری دەگرت و منیان بەسیاسەتی گۆشەگیری و ناوزڕاندنەوە بەندکردبوو " . گەر سوریا هەوڵی دیالۆگیشی دابووبێت، تورکیا حیسابی بۆ نەکردووە، بۆ ئەمەش سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی میسر " حوسنی موبارەک " بۆ ناوبژیوانی کردن، لە " 3 ی تشرینی یەکەم " دا سەردانی تورکیای کرد. پاش سێ ڕۆژی ئەنقەرە رووی کردە شام و لەگەڵ خۆیدا پەیامی تورکیای هەڵگرتبوو. ئۆجەلان لەپاش ئەم سەردانە ناچاری تەرککردنی سوریابوو، لەو دەمەشدا ئۆجەلان ئەم گوتانەی بۆ دەسەڵاتدارانی شام بەجێهێشت:" ئەوەی سەلماند کە هێزی دەربازبوونی لە موبارەک و بیرۆکراسییەکانی دەوروبەری نەبوو، لەپێگەیەکی وەهاشدا نەبوو کە فشار بخاتە سەر نەتەوەپەرستی " .

دەلیل ئامەد باس لەگەڕان بەدوای ڕێگاچارەیەک دەکات کاتێک باس لە ناچاری دەرکەوتنی ئۆجەلان دەکرا لە سوریا و بەتایبەتی خودی ئامەد لەم بارەیەوە زۆر جار گوتوبێژی لەگەڵ ئۆجەلاندا کردبوو، ئامەد ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" زۆر پێداگیریمان کرد لەسەر ئەوەی کە سەرۆک بەرەو شاخ بڕوات، سەرۆک خۆیشی خواستی زۆربوو. بەڵام ئەو هەڵوێستێکی دیکەی بەباش زانیوە ئەویش گەر دەرکەوێت بەرەو ئەوروپا، ئەوا کێشەی کورد دەکەوێتە ڕۆژەڤی جیهانەوە و بەڵکو لێرەوە

چارەسەرییەکی دی دەربکەوێتەڕوو. سەرۆکایەتی زیاتر دوور لە نیشاندانی هەڵوێستێک کە پەرە بە توند و تیژی بدات، گەر بەرەو شاخەکان بڕۆشتایە ئەوا خاڵی بناخەیی ئامانجی دوژمن لەسەر شاخەکان کلیل دەبوو و ئەمەش لەگەڵ خۆیدا رێگای لەپێش توند و تیژی و دژوارییەکی بێسنوور دەکردەوە. بە دەرکەوتن بۆ ئەوروپا رێگا چارەی سیاسی تاقیکردەوە. لەبەر ئەمەش لەگەڵ چین و توێژ و کەسایەتی دیکە پەیوەندی رێکخران و بەتایبەتیش پەیوەندی دیبلۆماسی بەسەر ئەوروپادا بەڕێوە بران. "

ئۆجەلان لەمبارەیەوە دەڵێت:" ئەو بژارەی لەناو ئەو دوو رێگایەدا کەوتە پێشم، هەنگاونان بوو بۆ " شەڕ لەچیاکاندا " . بەڵام جگە لەوەی کە لەو بوارەدا زۆر درەنگ کەوتبووم، لەهەمان کاتدا بەپیرۆزی مانەوەی هێزە چەکدارەکان لەولاوە بمێنێت، کاتێک بینیم لە حاڵەتی بەلارێداچووندا رێگای لەپێش ئەنجامێکی پێچەوانەی ئومێدە چاوەڕوانکراوەکان کردۆتەوە، ئەم رەوشەش خەریک بوو لەم بوارەدا هیوای چارەسەرییەکی ئاسان لە دەمێکی کورتدا لەناو ببات، هەروەها نەریتی ژیانی " بمرە و بکوژە " دەرکەوتبوو کە زیاتر لەوەی چارەسەرییەکی ئاسان بۆ هێزە بەرامبەرەکان بهێنێ، ویژدانی کوێر دەکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا ئەوە دەرکەوت کە تاکەکان لەبواری رەوشتی و فەلسەفیەوە بەرێڕەوێکی هەڵەدا بەڕێدا دەچن. لەوانەیە چونم بۆ چیا هەندێک چاکسازی لەبواری تەکنیکی ـ تەکتیکی لێبکەوتایەتەوە، بەڵام جێگای گومان بوو کە بوار لەبەردەم دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ستراتیژی و کۆتایی بکاتەوە. باوەڕیم بەتوانای هزری خۆم هەبوو، بەردەوام هەڵگری هەست و ئیلهامێکی وەها بووم کە دەبێ بەم جۆرە رۆڵی مێژوویی خۆم بگێڕم."

هەروەها دەلیل باس لە رۆژی دەرکەوتنی ئۆجەلان لە سوریا دەکات و دەڵێت:" جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم لەهەڤاڵان بەئاگابوون لەوەی کە

سەرۆکایەتی لە سووریا دەردەکەوێ، هیچ کەسێکی دی نەیدەزانی. کاتژمێرێک بەر لە هەڵسانی فڕۆکە لەگەڵ چەند بەرپرسێکی سوری سەرۆکایەتیمان گەیاندە فڕۆکەخانە و دواجار لەوێ یەکترمان بینی."
ئۆجەلان رۆژی " 9 تشرینی یەکەم " هاوڕێ لەگەڵ نوێنەری " PKK " لە یۆنانستان ئایفەر کایا ناسراو بە " رۆزەرین " لەسوریا دەرکەوت و بەرەو یۆنانستان کەوتەڕێ. عەبدوڵڵا ئۆجەلان هۆکاری هەڵبژاردنی یۆنانستان بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێت:" داوەتنامەیەکی زۆر لە پارتی دەسەڵاتدارەوە هاتبوو، پەرلەمانیش بەگۆڕینی دەستووری گشتی بەزۆرینەی دەنگ، منی بانگهێشت کردبوو. بەر لەوەی لە سوریا دەربچم ئایفەر کایای وەرگێڕ لەگەڵ " Kostas Baduvas " وەزیری پێشووی سەر بە پاسۆک و وەک دۆستێکی گرنگ خۆی نیشاندەدا و لەهەمانکاتدا هەتا ئێستاش پەرلەمانتارە، قسەیکردبوو و لەو بارەیەوە بۆ چوونی منیش پشتگیری لەسەروو خۆیەوە وەرگرتبوو" .
کە ئۆجەلان دەگاتە فڕۆکەخانەی یۆنانستان، " Baduvas " لەو گۆڕە نییە. سەرۆکی ئیستخبارات " Stavrakis " و " Kalenderis " کە بۆ پیشاندانی گرێدراوی و دۆستایەتی خۆی ناوی " عەگید " ی لەخۆی نابوو، پێشوازی لە ئۆجەلان دەکەن. ئەم تابلۆی پێشوازیکردنە ئۆجەلان سەرسام دەکات و ئۆجەلان بەمشێوەیە باس لەو تابلۆیە دەکات:" یۆنانستان کە هەتا ئەو کاتە پەیوەندیدارییەکی گەورەی پیشان دەدا و خۆی بە دۆستی " PKK " دەنواند رووی خراپی خۆی خستەڕوو و بە منیان گوت – لەماوەی سێ کاتژمێردا یان دەگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووی، یان بەرەو ئەو شوێنەی کە خۆت دەتەوێت بچیت. لەم نێوبەرەدا رۆزەرین لەگەڵ " Dimitri " ئەندامی سرڤیسی یۆناندا قسەی کرد و لە یۆنانستان دەرکەوتین

و چووینە مۆسکۆ، بەرلەوەی بچمە مۆسکۆ داوای مافی پەنابەریم کرد بەڵام پەسند نەکرا."
ئۆجەلان بەم شێوە گوزارە لەمانەوەی " 33 " رۆژ لە روسیا و لەماڵی " Mitropano " دەکات کە بە قۆناخی رووسیا ناوزەد دەکرێت:" بەرێگای – Jirinovski – پەیوەندیم لەگەڵ مۆسکۆ بەست. هەڵبەتە منیشیان بانگهێشت کردبوو، کاتێ لە سوریاش بووم " Mitropano " بانگهێشتی کردبووم. " Mitropano " کەسێکی پەیوەنداری پارتی " Jirinovski " ە. لەو ماوەیەشدا لەگەڵ بەرێوەبەری ئاسایشی ناوخۆ " Ariski " ەوە پەیوەندیم دروستبوو" . لەلایەکی دیکەشەوە پەرلەمان بە " 298 " دەنگ مانەوەی ئۆجەلانی لە روسیا پەسند کرد بەڵام لەبەر هۆیەکی نەزانراو سەرۆک دەوڵەت " Boris Yeltsin " ئەم بڕیارەی ئیمزا نەکردبوو.
هەر لەو ماوەیەشدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیامێکی " زۆر بەپەلە " لەسەر نووسراوی بۆ تەواوی نوێنەرەکانیان لەدەرەوەی ئەمریکا نارد، پەیامی وشیارکردنەوە بۆ هەر یەکێکیان نێردرا. ئەم پەیامەش یەکەمین ئاماژە بوو بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر سەرئەکتەری گەلەکۆمەی نێو دەوڵەتی دژ بە ئۆجەلان. ئەمریکا لە کۆتادا دانی پێدانا و بە تورکیا گوت:" ئۆجەلانمان بۆ پاکەتکردن و دامان بە ئێوە".
ئۆجەلان بەهاوکاری ئەندام پەرلەمانی ئیتاڵیا لەگروپی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی پارتی کۆمۆنیست " Ramon Montaviani " بەرەو رۆما کەوتە رێ. لەرێکەوتی " 12 – تشرینی دووەم – 1998 " دا هەواڵی دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە فڕۆکەخانەیەکی نزیک رۆما، لە راگەیاندنەکاندا دەنگ و رەنگی دایەوە. مەسعود یڵماز لەسەر ئەم هەواڵە بەتەلەفۆن پەیوەندی بە حەسەن دەنیز قوردو وەزیری دادەوە دەکات و فەرمانی " دەست بە ئامادەکاری رادەستکردنەوە بکەن " ی پێدا.

هەر لەو ماوەیەدا باڵیۆزی روسیا لە ئەنقەرە " Aleksander Lebedev " بۆ پیشاندانی ئەو گرنگییەی کە فیدراسیۆنی روسیا بە تورکیای دەدا، داوای دیدار لە وەزارەت دەکات. " Lebedev " لەم دیدارەدا وەهای گوتبوو " من بۆ گەیاندنی - بەجێهێنانی بەڵێنی فیدراسیۆنی روسیا - بە ئێوە ئەرکدار کراوم. ئێمە لەکاتی خۆیدا کە وڵاتەکەمان لەنێو قەیرانی ئابووریدا بوو هاوکاری ئێوەمان بینی و چەندین جار ئەوەشمان وەبیرهێنایەوە و حکومەتەکەمان بانگەوازی هێشتنەوەی کۆمپانیا تورکییەکانی لەڕوسیا کردووە. پێشتر گوتبوومان هیچ دۆستایەتی ئێوە لەیاد ناکەین، ئەو هەنگاوەی لە مەسەلەی ئۆجەلاندا ناومانە دەربڕی ئەوەیە".

راستهاتنی قەرزی " 8 " ملیار دۆلاری لە " IMF " بانکی دراوی جیهانی بۆ تورکیا و بەخشینی پرۆژەی " تەزووی شین " بە روسیا لەلایەن تورکیاوە زۆر سەرنجڕاکێش بوون. ئۆجەلان گوتەکانی سەردەمی سەرۆکایەتی " Lebedev " وەبیردێنێتەوە و دەڵێت:" لەژێر چاودێری مندا و بێ کاریگەرکردنم لەوەها رەوشێکدا رۆڵێکی دیار و بەرچاوی ئیسرائیل هەیە. بێگومان بە هاوکارییەکی گەورەی ئابووری و دیبلۆماسیانەی ئەمریکا پێکەوە بەڕێوەیان دەبرد. بۆ ئەوەی لە مۆسکۆ نەمێنمەوە قەرزی " 8 " ملیار دۆلاری " IMF " بەکارهێنرابوو. دیسان هەر بەم ئامانجەوە پرۆژەی تەزووی شین لەتورکیا دانرابوو.

وەزارەتی داد لە " 14 " ی تشرینی دووەمدا لەسەر بانگەشەی دەربارەی ئۆجەلان بە فەرمی راوێژی دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئیتاڵیای کرد، راوێژکاری وەزارەتی دادی ئیتاڵیا " Carleone " لە وەڵامدا دەڵێت:" ئیتاڵیا کەسێک رادەست ناکات کە رووبەڕووی سزای مردن بووبێتەوە" و هەروەها گوزارە لەوەش دەکات کە ئیتاڵیا لەدژی رادەستکردنەوەی ئۆجەلانە بە تورکیا.

پارتی سەوزەکان ئەو بیرۆکەیەیان دەپاراست کە ئۆجەلان رادەستی ئەڵمانیا بکرێت و لەوێ دادگایی بکرێت. بەڵام ئەڵمانیاش بەلای ئەمەدا نەدەهات. ئەڵمانیا سەرەڕای ئەوەی پێشتر بڕیاری دەستگیرکردنی ئۆجەلانی دەرکردبوو، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا و زۆر بە پەلە، دامودەزگاکانی دادی ئەڵمانیا زۆر بەخێرایی کۆبوونەوە و بڕیارەکەی دەرهەق بە ئۆجەلانیان بەبیانووی بەسەرچوون و کۆنبوونی داواکە هەڵوەشاندەوە و بەمەش رایانگەیاند کەوا ئۆجەلانیان ناوێت.
ئەم هەڵوێستەی ئیتاڵیا بووە مایەی نارەزایی و کاردانەوەی تورکیا. وەزیری بەرگری میللی عیسمەت سەزگین و وەزیری کاری دەرەوە ئیسماعیل جەم، لە " 15 ی تشرینی دووەم " دا بە هەڕەشەی ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر ئەو وڵاتە ئیتاڵیایان وشیار کردەوە. دوابەدوای ئەم وشیارکردنەوەیە ژوورەکانی بازرگانی " TOBB و ITO " دەستیان بەکامپانیای دەستەوەستان لەدژی ماڵی ئیتاڵیا کرد. لەم نێوەندەدا ئۆجەلان لەڕێگای پارێزەرەکەیەوە " Luigi Saraceni " داوای مافی پەناهەندەیی لە ئیتاڵیا کرد. پەرلەمانی ئەوروپا لە " 18 " ی مانگی تشرینی دووەمدا دەستوورنامەی ئیتاڵیای دەربارەی مافی پەناهەندەیی ئۆجەلان رەتکردەوە. ئۆجەلان رۆژە سەختەکانی سەرۆک وەزیری ئیتاڵیا " Massimo D’Alema " بەم شێوەیە دەنرخێنێت:" لەخشتەبردن و هاندانی زۆر قورسی قەوارە سەرمایەگوزارە گەورەکانی ئیتاڵیا و هاوکار نەبوونی وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەتایبەتی لەژێر قورسایی هەڵوێستی کەسێتی لەرزۆک و خۆ سەپێنەری ئەڵمانیادا، زۆر دەستپێشخەر و ئەکتیڤانە هەڵسووکەوتی دەکرد".
کاتێ هەموو دەرگەکان لە داڵیما " D’Alema " داخران، " 27 " ی تشرینی دووەم لەگەڵ سەرۆک وەزیری ئەڵمانیا " Gerhard Schroder " چاویان بەیەک کەوت، لەم چاوپێکەوتنەدا " Schroder " گوتبووی:" ئێمە

نامانەوێت ئۆجەلان رادەستبکرێتەوە، چونکە ئەڵمانیا وڵاتێکە کە زیاتر لەهەموو وڵاتانی ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر بەڕەچەڵەک کورد و تورک تێیدا دەژین". لەم دیدارەدا هەر دوولا هاوڕابوون لەسەر شێوەی دادگاییکردنی ئۆجەلان لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، تورکیا کاردانەوەیەکی دژواری لەمەڕ ئەم شێوە نواند. " D’Alema " لەو ماوەیەدا وەها دەدوا:" گەر بیر لە دژبەربوونی تورکیا بکرێتەوە لە دادگاییکردنی ئۆجەلان لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، تەنها تاکە ئەڵتەرناتیڤێک دەمێنێتەوە، ئەگەر دادگایی کردنی ئۆجەلان دەستنادات، ئەوا خودی ئۆجەلان دەبێتە کەسێک کە بەشێوەیەکی نایاسایی کەوتبێتە نێو وڵاتەکەمانەوە و دەبێت هاوڵاتییەکی دوور لە پرەنسیپەکانی هاوڵاتیبوونی یەکێتی ئەوروپا، لەهەمانکاتدا بەخشینی مافی پەناهەندەی سیاسی یان دوورخستنەوەی لە وڵاتەکەمان جێگای باسە".

کاتێ وەدەرکەوت کە ئۆجەلان ناتوانێت لە ئیتاڵیا بمێنێتەوە، لەلایەن بیرۆی دیبلۆماسی " PKK " لە ئەوروپاوە پەیوەندی دەکرێت بە دەسەڵاتدارانی فینلەندا – نەرویج – نەمسا و باشووری ئەفریقاوە. لەمبارەیەوە شاهین ئاماژەی بەوە کرد کە ئیتاڵیا پێشنیازی کرواتیا و لیبیای بۆ کردین، لەبەر نەبوونی متمانەیان هیچ کامێکیانمان پەسند نەکرد. لەگەڵ دەسەڵاتدارانی فینلەندا – نەرویج – نەمسا بەفەرمی دانیشتنمان ئەنجامدا، سەرەتا پەسندیان کرد بەڵام پاش ماوەیەکی کورت هەموو گوتیان چاوەڕێ بکەن. هەروەها لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باشووری ئەفریقاش گوتوبێژمان کرد، بەڵام هەڵوێستی ئەوانیش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ هەڵوێستی ئەوروپادا.

ئۆجەلان بەمشێوەیە گوزارشت لە هەڵوێستەکانی وڵاتانی ئەوروپا دەکات:" وا دیارە حقوق و دیموکراسی ئەوروپا لەسەر سنووری کێشەی کورد

راوەستاوە. بەڵام ئەوەی رەهابوو هەڵوێستی سووکانەی سوودمەندبوون لەکار و هێزی کورد و بەشێوەیەکی درێژخایەن بەکارهێنانیان لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناویندا بوو". فەرمانداری بڕیارگای ناوەندی پاراستنی گەل موراد قەرە یڵان ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک ئۆجەلان لە رۆما بووە، پیلانی رفاندنی بەرەو وڵاتێکی وەک کینیا داڕێژراوە و چەند کەسێکی بەئاگا لەپیلانەکە بەرێگای " Danial Mitterhand " هەواڵیان بە سەرۆک گەیاندووە. هەروەها قەرەیڵان ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک هاوڕێی ساختەی وەک کانی یڵماز و مزگین شەن کە لەدەوروبەری ئۆجەلان کۆبووبوونەوە رۆڵی تەگەرەنانەوەیان لەبەردەم رێی رزگاربوونی ئۆجەلان لە گەلەکۆمەکە بینی و لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەرکی کانی و مزگین لە گەلەکۆمەکەدا، بەرەو هەڵدێر بردنی کارەکە بوو" .
رۆژی " 16 – کانوونی دووەم – 1999 " ئاژانسی هەواڵی تایبەتی ئیتاڵیا هەواڵی دەرکەوتنی ئۆجەلان لەو ماڵەی کە تێیدا دەمایەوە لەگەڕەکی " İnfernetto " نزیکی رۆمای بە هەموو دنیادا بڵاوکردەوە. قەرەیڵان لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوە کرد کە لەو سەردەمەدا لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە ئۆجەلان بگەیەننە سەر چیاکان و بەمشێوەیە باس لەو بابەتە دەکات:" ویستمان بەسەر ئێراندا سەرۆکایەتی بهێنینە چیا، بۆ ئەمەش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێراندا دیدارم سازدا، بەڵام داواکەیان پەسند نەکردین. ئەو کاتە پێم گوتن: دەشێ ئێستا سەرەی ئێمە بێت، بەڵام باش بزانن کەوا لەدوای ئێمە سەرەی ئێوە و ئێراقە". لەسەر پێداگیری و سووربوونی نۆمان ئوچاری نوێنەری " PKK " لە مۆسکۆ لەسەر گەڕانەوەی ئۆجەلان بۆ ئەو وڵاتە و قانیع کردنی، لەمبارەیەوە ئۆجەلان وەها گوزارشت لە بابەتەکە دەکات:" جاری یەکەم بوو لەگەڵ هەندێ هەڵسوکەوتم دەبینی کەوا هیچ شوێنی بۆ دۆستایەتی پێوە دیارنەبوو. بە

هەندێ لیستۆک و زۆرداری سواری فڕۆکەیەکی بارهەڵگر کرام و لەماڵی لادێیەکدا هەفتەیەک بەندکرام کە دواتر ئاشکرابوو ئەو لادێیە لە دوشەمبە " بیشکەک " ی پایتەختی تاجیکستانە. لەپاشان بەڕێگای " Petrograd " کە لەهەمان ستاتۆ و پێگەدا بوو و " Nagzakis " کە لەدۆستێکی سەیر دەچوو و وەک دەگوترا ژەنەڕاڵی خانەنشین بوو و لەگەڵ ئایفەر نوێنەری " PKK " لە ئەسینا بە فڕۆکەیەکی تایبەت هاتن و بەرەو ئەسینا کەوتینە رێ. لەو نێوەندەشدا دەرکەوت کە فڕۆکەکە پەیوەندی راستەوخۆی هەبووە لەگەڵ دەوڵەت."

ئۆجەلان یەکەم رۆژ ناچاربوو لە هۆڵی (( " VIP " میوانخانەی تایبەتی فڕۆکەخانەکان)) دا چاوەڕێ بکات. رۆژی دووەم " Kalenderis و Stavrakis " بەئامانجی دیدار سازدان هاتنە فڕۆکەخانەکەوە و پاش ئەوەی ئۆجەلان شەوێک لەماڵێک کە هی خەسووی " Nagzakis " بوو، مایەوە، بەرەو ئەو ماڵە چوو کە بەمەبەستی سازدانی دیدار لەگەڵ " Pangalos " وەزیری دەرەوەدا بانگهێشت کرابوو. لەجیاتی " Pangalos " گەورە بەرپرسانی دەزگای سیخوڕی لەشوێنی مەبەستدا لە چاوەڕوانی ئۆجەلاندان. ئۆجەلان دەگێڕێتەوە کە لەم دیدارەدا گوتویانە هەتا سبەی کاتژمێر " 4 " مۆڵەتت هەیە، بەپێچەوانەوە ئەوەی کە خۆمان دەیزانین بەزۆریش بێت دەردەکەین.

ئۆجەلان کاتێک لە ئیتاڵیا بوو و پاش دەرکەوتنی لەوێش ئەوەی پەسەند دەکرد کە بچێتە هۆڵەندا و لەدادگای نێو دەوڵەتی تاوانبارانی شەڕدا دادگایی بکرێت، لەم بارەیەشەوە لەچەند بوارێکەوە کەوتبووە نێو هەوڵدانەوە. ئۆجەلان کاتێک بەفڕۆکە لە فڕۆکەخانەی ئەسینا دەرکەوت و گەیشتە رووسیای سپی دەبوا لەوێ فڕۆکەیەک چاوەڕێی بکردایە تا بەرەو هۆڵەندا بچێت، بەڵام ئەو فڕۆکەیەی کە چاوەڕێی دەکرا، نەهات. قەرەیڵان هۆکاری

ئەمە وەها ڕووندەکاتەوە:" فڕۆکەیەکی تایبەتمان لە کۆمپانیایەکی سویسرا بەکرێ گرتبوو، بەڵام فڕۆکەکە لەو ڕۆژەی کە دیاریکرابوو ئامادە نەبوو. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دواتر بەدەستمان گەیشتن، پەیامی قەدەخەکردنی بەکرێدانی فڕۆکەی تایبەت بۆ گەلێک کۆمپانیا نێردرابوو." ئۆجەلان کە ناچاربوو بەهەمان فڕۆکە بگەڕێتەوە بۆ ئەسینا، بەدەیان هەزار کوردیش کە لە ڕۆتێردام کۆبووبوونەوە ناچاری بڵاوەبوون. ئۆجەلان چۆنێتی قایلبوونی بە گەڕانەوەی لە روسیای سپییەوە بۆ ئەسینا وەها دێنێتە زمان:" Kalenderis " کە زۆر جێگەی متمانەم بوو، سوێندی بەشەرەفی دەوڵەت خوارد کە لەماوەی " 15 " ڕۆژدا بە پەساپۆرتی باشووری ئەفریقا کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەوە ئامادەکراوە چارەی بۆ دەدۆزنەوە و لەماوەی ئەم " 15 " ڕۆژەدا ئۆجەلان لە کینیا بمێنێتەوە کە شوێنێکی ئەمین و دوور لە مەترسییە کە لەکۆندا یۆنانییەکان تێیدا بەکاریگەر بوون.

ئۆجەلان گەیشتە کینیا کە کینیا گرنگترین هەرێمی بنەڕەتی ئەمریکایە لە ئەفریقا، لە فڕۆکەخانەکەدا باڵیۆزی یۆنان لە کینیا " Kostulas " پێشوازی لە ئۆجەلان کرد و پێکەوە چوونە تەلاری باڵیۆزخانەکەوە. بەڵام پاش کەمێک ڕاستەوخۆ فەرمانی دەرخستنی ئۆجەلان لە تەلاری باڵیۆزخانە گەیشتە باڵیۆز. باڵیۆز بە ئۆجەلان دەڵێت:" پێویستە تا – 15 – ی شوبات لە باڵیۆز دەربکەویت ئەگەرنا ئێمە بەزۆر ئەم کارە دەکەین". لەو بارەیەشەوە ئۆجەلان دەڵێت:" ئەو کاتە گەر هەتا – 15 – ی شوبات دەرنەکەوتینایە، تەنانەت شیمانەی ئەوەش هەبوو کە بشمانکوژن، لەبەر ئەوەش دەرکەوتن هەلێکی دەگمەن بوو، گەر مانەوەیەک ببێت، ئەوا کراسی بەسەردادان – پێکدادان و شەڕ دەکرایە بەر ڕەوشەکە و دەکوژراین".

" Kalenderis " گوتبووی کە خودی خۆی لەگەڵ " Simitis " قسەیکردووە و متمانەیان وەرگرتووە کە دەتوانن بەسەر میسردا بچنە هۆڵەندا و ئۆجەلان هۆی پەسەندکردنی ئەمەش وەها ڕووندەکاتەوە کە:" هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نەبوو"ە.
ڕۆژی " 15 " ی شوبات هێزەکانی ئاسایشی کینیا تەنانەت دەکەونە نێو باخچەی باڵیۆزخانەکەشەوە، لەو کاتەدا یەکێک لە دەسەڵاتدارەکان دەڵێت:" ئێمە نامانەوێت لە وڵاتەکەماندا خوێن بڕێژین" . ئۆجەلان کە لەجددییەتی دۆخەکە تێدەگات، دەیەوێت لەڕێی مافی دەستلێنەدان " حصانە " ی باڵیۆزەوە بچێتە فڕۆکەخانەوە، بەڵام ئەم داوایەی ڕەتدەکرێتەوە. ناچاردەکرێت کە سواری ئەو ئۆتۆمبێلە ببێت کە دەستنیشانیان کردووە و ڕێگە نادرێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا سواری هەمان ئۆتۆمبێل ببن، ئەو ئۆتۆمبیلەی کە ئۆجەلان سواربوو سێ پۆلیسیش چوونە ناوی، قافڵە پێنج ئۆتۆمبیلییەکەیان کەوتەڕێ و پاش ماوەیەکی کورت ئەو ئۆتۆمبیلەی کە ئۆجەلانی تێدابوو لە قافڵەکە دادەبڕێ و بەرەو فڕۆکەخانەی سەربازی دەچێ، هەر لەو کاتەدا بەدەرزییەکی خەو ئۆجەلان لەهۆش خۆی دەچێت و ئاگای لەڕووداوەکانی ئەو ماوەیە نابێت، ئۆجەلان ئەو شتانەی کە بەدرێژایی گەشتەکەیان دێتەوە خەیاڵی وەها دەیگێڕێتەوە:" لەناو ئەو فڕۆکەیەی کە منی تێدابووم، هەندێک کەسی چاوشین و قژ زەرد و هەندێکی دیکەش گەنم ڕەنگ و باڵابەرز هەبوون بەچەکی ئۆتۆماتیکیەوە، هەستم دەکرد لە ئامادەباشیدان. ئەگەرێکی بەهێزی ئەوە هەبوو کە ئەمانە ئەندامانی " CIA و MOSSAD " بن، هێزی تایبەتی تورک لە فڕۆکەکەدا خۆیان بەسەرم دادا و ڕایانکشاندم هەموو شمەکەکانمیان گرت و یەکسەر گرێیاندام. بەتیپی پان چاویان بەستم و لەبەشی دواوەی فڕۆکەکەوە دایاننام. فڕۆکەکە دووجار نیشتەوە، یەکەم جار لەمیسر

دووەمجار یان لە ئیسرائیل و یان لە قوبرس بوو. کە منیان بە کەشتی بەرەو دوورگە هێنا بەرەبەیانی " 16 " ی شوبات بوو.

# رۆڵی دەوڵەتان لە پیلانگێڕییەکەدا

لە بەرگرینامەکانیدا کە لە زیندانی تاکە کەسی ئیمراڵی پێشکەشی دادگای کردبوو ئۆجەلان هۆکارەکانی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی " 9 ی تشرینی یەکەم " و ئامانجەکانی دەوڵەتان بەشداربوو بەشێوەیەکی گەوهەری دەخاتە ڕوو:" ئەمریکا کە تورکیا وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی دەبینێت بۆ زیاتر وابەستەکردنی بەخۆیەوە ئەم هاوکارییەی وەکو هەلێکی نایاب هەڵسەنگاندووە. ئەمریکا بەڕادەستکردنەوەی من سوودمەندبوونی لەتورکیا لەچالاکییەکانی خۆی لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیای ناوین و بەڵکاندا گەیاندە لووتکە. هەمان تایبەتمەندی بۆ ئینگلتەرەش لەجێی خۆیدایە. ئیسرائیلیش بەڕۆڵی خۆی لەم رووداوەدا، ئاستی گرنگی پەیوەندییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ تورکیادا سەلماند. رۆڵی ئیسرائیل " مێشکی پیلانگێڕی " بوو کە لە هەرێمەکانی دیکە و بەتایبەتی لە کینیا ئەنجامگیربووە. باشە ئەی بەرژەوەندی کۆماری هەلەن " یۆنان " لەم پیلانگێڕییەدا چی بوو؟ پێش هەموو شتێک فەرمانی ئەمریکای بەجێهێنا کە لەڕادەبەدەر وابەستەیەتی، دواتر لەکێشەکانی قوبرس و ئیجەدا بە هاوکاری ئەمریکا، وەرگرتنی پاداشتێکی سەروزیاد دەگرێتە بەرچاو. هەڵوێستێکی سووک و کەوتووی دیکە لە گوتەکەی " Pangalos " دا شاردراوەیە. بە بەکارهێنانی دەستەواژەی " فریشتەیەکی لای عیسا " باش دەیزانی کە لە لەنێوبردن زیاتر هیچ ئاکامێکی دی چاوەڕێی من ناکات..... ئەم

هەڵوێستەش زۆر بەڕوون و ئاشکرایی ئەوە دەسەلمێنێت کەوا تەواوی ئەو هاوکارییانەی پێشکەشی تورکیا کراون، بریتین لەیەکپارچە " ئامانجی بەرژەوەندی تاکتیکی " . نەبوونی ئاراستە و پەیڕەوێکی هەرە بچووکی مرۆڤایەتی دەسەلمێنێ. هەموو حیساب و پیلانگێڕییەکیش لەسەر بناخەی " هەڵبژاردنی بەرخۆدانییەکی کوێرانە و لەو رێڕەوەشدا هەمووشتێک بەمردنی من کۆتایی پێدێت" کران.
لێرەوە دەردەکەوێت کە پیلانگێڕی دوژمن تەنها لەبەرامبەر تاکە کەسێک نەبووە، پیلانگێڕی تاکە کەسێکی کردە ئامانج و گەورەترین هۆکاریش لە بەئامانج کردنی تاکەکەسێدا، لە راستینەی هەستیاربوونی بارودۆخی رۆژگاری ئەمڕۆی کورددا شاراوەیە. بۆچی کەسانێکی دی نەبوونە ئامانج و بۆچی دووژمن کەسی دیکە هەڵنەبژارد، شۆڕش و سەرهەڵدان و راپەڕینەکانی کورد لەمێژوودا زۆرینەیان سەرکوت کراون و هەندێکیش لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت دووچاری هەڵوەشانەوە بوون. ئەو سەرکردانەی کە دەبوونە ئامانجی پیلانگێڕی دوژمنان، یان بە بەرخۆدانییەکی قەبا بەرپەرچی گورزی دوژمنیان دەدایەوە یان دوژمن لەقافا دەیگرتن. بەهەر شێوەیەک بوایە دوژمن بەهێزی خۆی و بەهێزی دارودەستە و سیخوڕەکانی لەناوبردنی بەباشترین ئەڵتەرناتیڤ دەزانی.
پرسیارێکی زۆر دێتە بەردەممان کاتێک باس لە مانەوەی ئۆجەلان دەکرێت پاش پانزە ساڵ لە زیندانیکردنی، بەتایبەت لە کەش و هەوا و بارودۆخی دوورگەیەکی وەک دورگەی ئیمرالیدا. بەڵام تاکە وەڵامێک بۆ تێکڕای پرسیارەکان " ئومێدی سەرکەوتنە " .
پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە راگەیاندنەکاندا، کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لەناو شار و شارۆچکەکانی تورکیا و سوریا و ئێران و گەلێک لە وڵاتانی جیهان جگە لە چالاکی

ڕێپێوان و خۆپیشاندان و چالاکی توندو تیژی لەبەرامبەر هێز و بنکە و بارەگاکانی تورک لەناوەوە و لە دەرەوەی وڵات، گەلێک کەس بەرگەی ئەو کۆستەیان نەگرت و گەلێکیش بەگیان و ڕۆح و جەستەی خۆیان وەڵامی دوژمنیان دایەوە. زۆربەی شارەکانی باکوری کوردستان و تورکیا بوونە ئاگر و جەستەی دەوڵەتیان دەسووتاند، ئەمەش زۆر بەڕوونی لە ڕاگەیاندنەکانی جیهاندا و بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنەکانی خودی دەوڵەتدا خۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕی. جگە لەوەی گەریلا زۆربەی چالاکییەکانی شار و شاخی پێکەوە بەستبووەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گەلێک لە هاوڵاتیان و کەسایەتی ناودار و چین و توێژە جیاجیاکانی وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵات لەبەرامبەر تورکیا ئەندێشەی گەورەیان هەبوو. تورکیا لەنێو ترسي گەورە دابوو و ئەمریکاش و وەک پیشەی هەمیشەیی چاوەڕێی دەرکەوتنی شەڕێکی گەورەی نێوان گەلی کورد و گەلی تورکی دەکرد.

چالاکییەکان بەهەموو شێوەیەک گەرمایی و توندی خۆی دەپاراست هەتا ئەو کاتەی کە ڕێبەر ئاپۆ پەیامی وەستاندنی خوێن ڕشتن و چالاکییە توندەکانی بەڕێگای پارێزەرەکانی گەیاندە گەل.

لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ ئۆجەلان لەنێو زیندانی تاکە کەسی ئیمرالیدا و سەرباری هەموو نالەباری باری یاسا و ڕەوشی زیندان و هەڵویستی دەوڵەت، بۆ سەرخستنی فکر و ئایدیۆلۆژییاکەی کە لەمێژووی کورددا دەشێ بەیەکەم ئومێد و ئاواتی گەورە لەقەڵەمبدرێ لەنێو بەرخۆدانییەکی بەهاداردایە. وەنەبێ لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتایی بە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی هاتبێت، هەتا ئەمڕۆش بەهەموو شێواز و مۆدیلێکی نوێ ئەوەی کە پێیان دەکرێت لەبەرامبەر کوردان دەیکەن جا چ بە کوشتن و گرتن و لەنێوبردن بێت یان بە بەشەڕدانی کوردان لەنێو خۆدا یان بە لەت کردن و پەرشوبڵاوکردنەوەی ڕێکخستنەکانیان بێت، بەهەر شێوەیەک

بێت هەر دەیانەوێت بە ئامانجی خۆیان بگەن، بۆ گەلی کوردستان و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەشی بەهەر شێوەیەک بێت پەیوەستی تێکۆشانی ئازادین و هیچ کاتێک هیوای گەیشتن بە سەرکەوتن و ئازادی تێکناشکێت، چونکە هیوای سەرکەوتن لە خودی سەرکەوتن بەهادارترە.
یەکێک لەو چالاکییە گرنگانەی کە لەو سەردەمەدا هەم رۆڵێکی بێ وێنەی هەبوو لە تۆقاندنی دوژمندا و هەم گرێدان و پەیوەستبوونی گەلی کورد بەسەرۆکایەتییەکەوە بەگشتی و گەلێک کەسایەتی بیرمەند و بە جورئەتی دەرخستە مەیدان، ئەو رۆژانە وەک چۆن راپەڕین و خۆپیشاندانی نارەزایی توند و دژوار لەبەرامبەر ئەم کارە ناپاکەدا وێنەی نەبوو، لە هەمانکاتدا شۆڕشگێڕانی نێو زیندانەکان هەریەکەیان بوونە پشکۆی ئاگرێک لەنێو جەرگەی دوژمندا، ئەوەی لەخوارەوە نووسراوە، ناوی ئەو قارەمانانەیە کە بە درووشمی " ناتوانن – رۆژ – ەکەمان تاریک بکەن " ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا، ئەمەش هەر لە رۆژانی دەرکەوتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سوریا تا " 15 " ی شوبات و پاش ئەوەی لەزیندانی ئیمرالییەوە پەیامی راگرتنی ئەو چالاکییانە گەیشتن هەر بەردەوام بوو.......

محەمەد خالد ئۆرال " 1998 / 10 / 9 " زیندانی مەرەش
موراد کایا " 1998 / 10 /18 " زیندانی بارتن
محەمەد گوڵ " 1998 / 10 / 19 " زیندانی ئەماسیا
عەلی ئایدن " 1998 / 10 / 20 " زیندانی بارتن
مەرال کاشۆتوراجاک " 1998 / 10 /20 " زیندانی چەناک قالە
بولەند بایرام " 1998 / 10 /21 " زیندانی ئادیەمان
عیسمەت ئینانج " 1998 / 10 /22 " زیندانی یۆزگات
حەسەن عیسا حەسەن " 1998 / 10 / 22 " قامیشلی
فەتاح قەرە تاش " 1998 / 10 /22 " ئامەد

سەلامەت مەنتەش " 1998 / 10 /22 " زیندانی میدیات
ئاینور ئارتان " 1998 / 10 /23 " زیندانی میدیات
محەمەد باریانک " 1998 / 10 /23 " زیندانی ئەلەبستان " مەرەش "
جەننەت گونەش " 1998 / 10 /24 " زیندانی عەنتاب
سەیری ئیپەک " 1998 / 10 /24 " زیندانی ساکاریا
ئایسەل جەیلان " 1998 / 10 /24 " زیندانی ساکاریا
سەمەد ئۆکتای " 1998 / 10 /24 " زیندانی کۆنیا
میرزا سەڤیملی " 1998 / 10 / 26 " زیندانی ئەرزڕۆم
موسلیم موحەمەد " 1998 / 10 / 26 " زیندانی عەنتاب
کەنعان قەرە حەسەنۆ- لی " 1998 / 10 / 26 " زیندانی ئەرزڕۆم
بەرزان ئۆزتورک " 1998 / 11 / 1 " ئەڵمانیا (لە 1999 / 1 / 4دا شەهید بوو)
محەمەد ئایدن " 1998 / 11 /13 " زیندانی چەناک قالە
ئەرداڵ چەکەن " 1998 / 11 / 13 " زیندانی ماردین
عەباس سەرتکایا " 1998 / 11 / 14 " زیندانی عومرانی
عیسمەت ئاکای " 1998 / 11 / 14 " زیندانی ئادیەمان
موحەییەدین سەڤیملی " 1998 / 11 / 15 " زیندانی ئامەد
عومەر شەن " 1998 / 11 / 15 " زیندانی عومرانی
عەدنان ئۆزجان " 1998 / 11 / 15 " زیندانی بورسا
قادری ئیلهان " 1998 / 11 / 16 " زیندانی سێرت
سیراجەدین حەسەن " 1998 / 11 / 16 " زیندانی بورسا
رەمەزان مالکۆچ " 1998 / 11 / 16 " زیندانی عومرانی
عەزیمە ئینان " 1998 / 11 / 16 " زیندانی باتمان
رەمزیە زەنگین " 1998 / 11 / 16 " زیندانی باتمان

ئیدریس باشاران " 1998 / 11 / 16 " زیندانی جەیهان
حانیفی کوزو " 1998 / 11 / 16 " زیندانی سێرت
حەمدوڵڵا داشجی " 1998 / 11 / 16 " زیندانی ماردین
عەلی ئەربەک " 1998 / 11 / 16 " زیندانی ماردین
مستەفا شاهین " 1998 / 11 / 16 " ئەڵمانیا
ئەحمەد یڵدرم " 1998 / 11 / 17 " مۆسکۆ
محەمەد تورگای " 1998 / 11 / 17 " زیندانی کۆنیا
زەینەب عەرەب " 1998 / 11 / 17 " زیندانی عەنتاب
رەمەزان ئدیبەللی " 1998 / 11 / 17 " زیندانی کۆنیا
رەمزی ئاککوش " 1998 / 11 /17 " مۆسکۆ
فاتمە ئۆزەن " رۆژبین " " 1998 / 11 / 17 " یوکسەک ئۆڤا " چالاکی فیدائی "
ئەمروڵڵا دامڵایجی " 1998 / 11 / 18 " قامیشلی
سولەیمان گولتەکین " 1998 / 11 / 18 " زیندانی ترابزۆن
سەیت بایرام " 1998 / 11 / 18 " دێرک " باشووری رۆژئاوا "
زولکیف یڵماز " 1998 / 11 / 18 " رۆما
فەتحیە عەبدوڵڵا " 1998 / 11 / 18 " زیندانی مەڵاتیە
عوسمان تینیت " 1998 / 11 / 18 " زیندانی مەڵاتیە
فازل سولوک " 1998 / 11 / 19 " زیندانی عەنتاب
خەلیل ئاکنجی " 1998 / 11 / 19 " زیندانی بورسا
جەنگیز کایا " 1998 / 11 / 19 " زندانی ئاگری
حەمید چاکر " 19/11/1998 " ئامەد، لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو

مەتین یورتسەڤەر " 1998 / 20/11 " کۆجائەلی لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو
زەهرا رزگار " 1998 / 11 / 27 " رۆژهەڵاتی کوردستان
نوری ئاجار " 1998 / 11 / 27 " زیندانی ئۆردو
میرزا چوبوکچو " 1998 / 11 /27 " زیندانی باتمان لەئەنجامی " مانگرتن " شەهیدبوو
جەمیل ئۆزاڵپ " 1998 / 11 / 27 " ئامەد
حوسنییە ئۆروچ " بنەوش " " 1998 / 12 / 1 " لیجە " چالاکی فیدائی "

حەسەن تاشکن " 1998 / 12/ 3 " ئەڵمانیا
جیهاد شێخۆ " 1998 / 12/ 10 " قوبروس
تاقیبە گولتەکین " 1998 / 12/12 " زیندانی سیواس
خەدیجە فالای " 1998 / 12 / 13 " ئەستەمبوڵ
گولستان تاش " 1998 / 16/12 " باتمان
تایلان ئۆزگور قەهرەمان " 1998 / 21/12 " ئەڵمانیا
محێدین ئشک " 1998 / 24/12 " عەنتاب
حەمدییە کاپان " بەروار " " 1998 / 12 / 24 " وان " چالاکی فیدائی "

ئەرداڵ ئاکسو " 1998 / 10 / 29 " لەچالاکی رفاندنی فرۆکەدا.
سیروان رەئوف 17-2-1999 سلێمانی
فەلات قادر " 25/2/1999 " یوکسەک ئۆڤا چالاکی فیدائی
نورەدین شاهین " فەرهاد بەروار " " 1999 /5/3 " باشکەلە چالاکی فیدائی
شاهین حوسێن " عاکیف " " 1999 / 3 / 10 " دهۆک چالاکی فیدائی

دیلان گەڤەر " حوزەیران /1999 " ئەرزڕۆم چالاکی فیدائی
باقی تاتلی " باران شاهین " " 1999 / 4 / 5 " چالاکی گیانبازی لەسەر پارێزگاری بینگۆل
نەزهات باراجی " شەهرستان بۆتان " " 1999 "
یاڤوز گوزەل " 1999 / 11 / 30 " زیندانی بارتن خۆی سووتاند و لە " 6/12/1999 " لە نەخۆشخانە شەهیدبوو.
حوکمیە سەیهان " رووکەن بێریتان " " 1999 / 12 " یەکێتی سۆڤیەت.
رێناس 30-6-1999 زیندانی ورمێ
سیپان 1999 زیندانی ئاکرێ - باشووری کوردستان.

ئۆجەلان لە پارێزنامەی یەکەمیدا سەبارەت بەو چالاکییانە دەنووسێت:" چۆن دەتوانم نکۆڵی لە هەزاران کەسی بەهادار بکەم کە هەزار جار زیاتر لە من بە پرسەکەوە گرێدراون؟ چونکە بەهەزران هەن کە پەیوەندیان پتەو بوو، هەر لە کچانی گوندەوە هەتا ژنان و، مامۆستا بەتواناکان و ئەو کەسانەی کە لەژیاندا بوێرییەکی زۆر گەورەیان هەیە. کاتێک عیسا لەخاچ درا، ئەوانەی لە دەوروبەری بوون تەنها بۆی گریان، کاتێک موحەمەد (د.خ) کۆچی دوای کرد بۆ ماوەی سێ رۆژی بەردەوام گفتوگۆ لەسەر دەسەڵات کرا، لەکاتێکدا هێشتا تەرمەکەی نەنێژرابوو، کاتێک لینین مرد کەس لەپێناویدا خۆی نەکوشت. بەڵام لەدوای گرتن و تەسلیم کردنەوەم ئاگر جەستەی سەدان رۆڵەی گەلی کوردی سوتاند و خوارد، تۆ بڵێی ئەوانە دەیانویست چی بڵێن؟ ئەوانەی خۆیان کردە بۆمبا و تەقینەوە، نەفرەت و کینیان لە چی بوو؟ چ راستییەک هەیە پاڵیان پێوە دەنێت کە ئەو کارە بکەن؟ ئەگەر من پێشم نەگرتایە بەهەزاران بۆ ئەو کارە ئامادە بوون. ئەمە شێوازی تایبەت نییە بە بزووتنەوەی رزگاری، بەڵکو ئەو

رووداوانەیە کە لەدەوروبەری مندا کۆدەبۆوە، شیکردنەوەی هەموو ئەوانەش ئەرکێکە دەستی لێبەرنادرێت."

*** سەرچاوە: گۆڤاری کۆمین – ژمارە یەک – مانگی شوباتی 2007 – کۆکردنەوە و وەرگێڕان: ئارام پێنجوێنی- (بەکەمێک دەستکارییەوە)**

# بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەبارەت بە پیلانگێڕی نێودەوڵەتی 15ی شوباتی 1999

# پیلانگێڕییە گەورەکەی گلادیۆ**

## 1- دەرکەوتن لە سوریا

دەرکەوتنم لە سوریا گرێدراوی ئۆپەراسیۆنی ناتۆ ـ گلادیۆیە. ئەگەر جیاوازی ناو سوپای تورک و گلادیۆ رەچاو نەکەین، ناتوانین بەشێوەیەکی راست ئەو ئۆپەراسیۆنە شیکار بکەین. وەک مەزەندە دەکرێت لە سەردەمی سوپاسالاری ئیسماعیل حەقی قەرەدای و حوسێن کڤرک ئۆغڵو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ نەبوون. سەبارەت بە کێشەی کورد هەردووکیان نزیکی هەڵوێستەکەی ئەشرەف بتلیسی بوون. ئاراستەگرتنی شەڕیان بەرەو لەناوبردنی تەواوی کوردان بە نابەجێ و ئەستەم دادەنا. رێگەچارەی سیاسی و ئاشتیانەی تورگۆت ئۆزال و ئەشرەف بتلیسی نیازی دەستپێکردنیان هەبوو؛ هەم وەک پێویستییەکی نیشتیمانپەروەرییان دەبینی هەمیش بە گوێرەی چەمکی شەڕی کلاسیکی گونجاویان دەبینی. ساقب ساپانجیش لەناو توسیاد نوێنەرایەتی لایەنگرانی ئەو هێڵەی دەکرد. هەڵوێستی سەرۆکی بەشی کۆنترگەریلای میت محەمەد ئەیمور و حەنەفی ئاوجی تەشکیلاتی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لەسەر هەمان رێباز بوون. ئەو گروپە رووداوی سوسورلوکیان قۆستەوە و هەڵمەتێکیان لە بەرامبەر لۆبی شەڕ ئەنجامدا. لە بنەڕەتدا دۆغان گورەش و جەڤیک بیر نوێنەرایەتی گروپی بەرامبەر یاخود باڵی گلادیۆیان دەکرد. ئەو گروپە هەوڵەکانی تیرۆرکردنی ساقب ساپانجی و حوسێن کڤرک ئۆغلویان ئاراستە کردبوو. هەروەها ئەندامەکانی پێشووتری هەمان گروپ و پاشکۆکانیان پێشتر

چەندین هەوڵ و تاوانی تیرۆریان ئەنجامدا کە ئامانجیان هەندێک کەسی ناو دەوڵەت بوو لە سەرووی هەمووشیانەوە تورگۆت ئۆزال و ئەشرەف بتلیس. بەپێی میکانیزمەکانی ناو سوپا نۆرەی سوپاسالاری ساڵی 1990 هی محی الدین فیسۆن ئۆغڵو بوو. کاتێک بەشێوەیەکی یاسابەدەر دۆغان گورەش ئەرکی سوپاسالاری پێ سپێردرا، درزی نێوانیان گەورەبوو. گروپەکەی تر لە رێگای دوو سەربازی هەواداری PKK لەناو سوپا هەوڵی ژەهرخواردکردنی دۆغان گۆرەشیان دا. ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو. لە ئیمڕالی کاتێک دۆزگەری سەربازی تایبەت لەو بارەوە لێی پرسیم؛ کێ ئەو بڕیارەی دابوو؟ پێم گوتن ئەو دوو سەربازە لایەنگری PKK بوون و دوای رووداوەکەش رایان کرد و پەیوەندییان بە ریزەکانی PKKوە کرد و دواتریش شەهید بوون، بە بڕوای من بڕیاری سەرەکی لەناو سوپاوە درابوو. بەمجۆرەش لێپرسینەوەی ئەو بابەتە کۆتایی پێهات.

ئەو چەشنە ناکۆکیانەی ناو سوپا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بگرە بۆ پێشووتریش دەگەڕێتەوە. لەسەرجەم رووداوەکانی لەسەرکار لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید (سوڵتان عبدولعزیزیش) و هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا کەمال، تا دەگاتە کردەوەکانی کۆمەڵکوژی کوردان کە لە 15ی شوباتی 1925 بە پیلانگێڕییەکەی دژ بە شێخ سەعید دەستپێکرد و بە پیلانگێڕی دژ بە سەید رەزا و لەسێدارەدانی لە 18/ 11/ 1937 بەردەوام بوو، لە داخستنی فیرقەی سەربەست (1930) و لەسەرکار لابردنی ئینۆنۆ لە سەرۆک وەزیری (1937)، کودەتای سەربازی 27ی ئایاری 1960، تا کودەتای پۆست مۆدێرنی 28 شوباتی 1997 و ئەو قۆناغە سەد ساڵییەی تا ئامادەکارییەکانی دوای 2000 بۆ ئەنجامدانی کودەتا و رووداوە هاوشێوەکانیان ناکۆکی و ململانێی نێوان هەمان رێباز جێگای باسە. سەرەتا ئەڵمانیا، دواتریش بەڕیزە ئینگلتەرا و ئەمریکا وەک هێزە

هەژموونگەراکان لە دەرەوە پشتگیری و کۆنترۆڵی ئەو ململانێیەیان دەکرد. سەرجەم ئەو رووداوانەی پیلانگێڕی و تیرۆر لە ناوەڕۆکدا هەریەکە و رەنگدانەوەی ئەو شەڕانەی هەژموونگەرایی بوو کە لەسەر گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین بەتایبەتیش لە دژی گەلانی میزۆبۆتامیا و ئەنادۆڵ بەڕێوە دەبران. لەوانەش چوار قۆناغی گرنگی شەڕی گلادیۆ بووە بەشی بەرخودانی کورد کە PKK پێشەنگایەتی دەکات و لە بەشەکانی پێشووتر بە شێوەی گەڵاڵەیەک پێشکەشم کرد. شەڕی هەژموونگەرایی هێزە سەرمایەداریەکان لەژێر پۆشاکی فاشیزمی تورکی سپی بەڕێوە چوو. لەسەردەمی مستەفا کەمالەوە بەردەوام توێژێک لەناو سوپا هەبووە کە لەو دۆخە نارەحەت بووە. ئەوانە نیشتیمانپەروەر و ئەنادۆڵخواز بوون. لە کودەتای 27 ئایاری 1960 وە تا ئامادەکاریەکانی کودەتاکانی دوای ساڵی2000 ئەو توێژەی دەتوانین بە نیشتیمانپەروەر و لایەنگرانی ئاشتی ناویان ببەین رەوشیان لە کودەتاچی و پیلانگێڕەکان جیاوازتر بوو. لەبنەڕەتدا ناتۆ ـ گلادیۆ لەپشت کودەتاچی و پیلانگێڕەکانەوە بوو. هەروەها هەردوو لایەنیش ناوەند و پاشکۆی بەهێزیان لەناو کۆمەڵی مەدەنی هەبوو. ئەوانە بەردەوام لەناو پەیوەندی و ناکۆکیدان. بەگوێرەی سەردەمەکان بەسەر یەکتریدا زاڵ دەبن. لەبواری چینایەتیشدا نوێنەرایەتی بۆرژوازی میللی و بەکرێگیراو دەکەن.

بەر لە دەرکەوتنم لە سوریا جارێکی تر کێبڕکێ لەنێوان ئەو دوو گروپە یان باڵە سەریهەڵدابوویەوە. بەپشتگیری ئیسرائیل و ئەمریکا کێبڕکێی نێوان لایەنگرانی دیالۆگ و دژبەرەکانیان لە بەرژەوەندی باڵی ناتۆ ـ گلادیۆ واتە لایەنگرانی شەڕ و قڕکردن ئەنجامگیر بوو. ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە دەرکەوتن لەرێگایەکی ناڕاستەوخۆوە هەواڵگری ئیسرائیل پەیامی پێویستی بە جێهێشتنی سوریای پێگەیاندم. جێهێشتنیم گونجاو نەبینیبوو. نەمدەویست

پێگەکەمان لە سوریا زەبری گەورەی بەربکەوێت. هەروەها لەبواری ستراتیژی و ئایدیۆلۆژیشەوە بەراستم نەدەزانی. شەڕ لەسەر ڕێچکەی ئاسایی خۆی بەردەوام دەبوو، چارەنووس چییە ئەوە ڕوویدەدا. لەسەر هێڵی قەدەرگەرایی نەبووم، بەڵام دەستبەردان لەڕێبازی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و سەربازی سی ساڵە و ئاراستەگۆڕینیش نەدەبوو بە هەڵوێستێکی مانادار؛ بەرامبەر ئەو قەدەرە پێویستی بەراستگۆیی و دڵسۆزی هەبوو، هەربۆیەش نەدەبوو خۆرزگارکردن بەبنەمابگرم. پاش دواترین ئاگاداریەکەی ئەتیلا ئاتێش کە بە ناوی گلادیۆی ناتۆوە ڕایگەیاند، تەنیا لە حاڵەتی پشتگیرییەکی بەهێزی سوریا و ڕووسیا دەمانتوانی شەڕ بۆ ئاستێکی بڵندتر بەرز بکەینەوە. بەڵام وەک چۆن ئەو پشتگیرییە دەستەبەر نەبوو، هەردوو دەوڵەتیش ئەو هێزە یاخود نیازەیان نەبوو شەخسی من هەڵگرن. لەڕاستیدا شتێکی وەها بۆ سوریا مەحاڵ بوو، چونکە لە باکوورەوە سوپای تورکیا، لە باشوورەوە سوپای ئیسرائیل لە ڕۆژێکدا دەیانتوانی سوریا داگیر بکەن. کەوتبوونە ناو ترسێکی گەورەوە، دەیانتوانی دەرفەتێکی گونجاوی جێگیربوونم بۆ بڕەخسێنن. ئەوەشیان ڕەچاو نەکرد. هەڵوێستی ڕووسیا زۆر بێشەرەفانەتر بوو. لە بەرامبەر پرۆژەی گازی سروشتی و قەرزێکی دەملیاری سەندوقی نێودەوڵەتی دراو ئێمەی لە مۆسکۆ بەدەرنا.

بەر لە باسکردنی سەرکێشیەکەی ئەسینا و مۆسکۆ لە نزیکەوە بینینی هەلومەرجەکانی بەر لە دەرکەوتن و کاتی دەرکەوتن وانەبەخشە و گرنگیەکی مەزنی هەیە.

ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست دەرک بە هەلومەرجەکانی کودەتای 28ی شوبات نەکرێت ئەوا بە تەواوی لە ڕووداوەکان تێناگەین. باڵێکی کودەتاچیەکان لەمیانەی پێشنیازێکی واقیعی ئاشتیەوە لێمان نزیک ببوویەوە. لەو بڕوایەدام بەڵگەکانی لە ئەرشیفماندا ماوە. هەروەک

هەڵوێستەکانی تورگۆت ئۆزال و نەجمەددین ئەربەقان لەو بڕوایە دابووین کە جددین و خوازیاری ئاشتین. ئەو هەڵوێستەی لایەنگری ئاشتی و رێگەچارەی سیاسی لەناو کودەتا رێگایان لەپێش کودەتا کردبوویەوە. ئێستا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەرکەوتووە کە لەو قۆناغەدا واتە تا دەستگیرکردنم ئیسرائیل و ئەمریکا بەهیچ جۆرێک لایەنگری ئاشتی و رێگەچارەی سیاسی نەبوون. بە سووربوونەوە خوازیاری بەردەوامکردنی شەڕی خەستی ئاست نزم و چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد بوون. لەپێناو کۆنترۆڵکردنی خۆرهەڵاتی ناوین، بەتایبەتیش بۆ رووخانی ئێراق پێویستیەکی زۆریان بەو دۆخە هەبوو. تەنیا لەو رێگایەوە دەیانتوانی کاریگەری تورکیا نەهێڵن و پیلانەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەهۆی رەچاونەکردنی ئەو پیلانانە و هەڵوێستی ئەنادۆڵخوازی، میللی و لایەنگرییان بۆ ئاشتی و رێگەچارەی سیاسی کێشەی کورد تورگۆت ئۆزال، نەجمەدین ئەربەقان و بلند ئەجەوید لەسەر کار لابرابوون. تا دوایی درێژەیان بە شەڕ دا، هەر کۆسپێکی پێش خۆیان بەلاوە دەنا و دەیانویست بە ئامانجەکانیان بگەن. لەناوبردنی راستینەی کوردان لەرێگای سەربازیەوە، واتە جۆرێک لە ژینۆسایدیش دەکەوتە چوارچێوەی ئەو ئامانجەیانەوە. ئەگەر هێزە هەژموونگەراکان پاڵپشتی ئەو چەمکە نەکەن کە بەردەوامی رێبازی کلاسیکی ئیتحاد و تەرەقییە هەرگیز چانسی سەرکەوتنیان نەدەبوو. چونکە ئەوانیش ئاگاداری ئەو رەوشە بوون، مسۆگەر پێویستیان بە پشتگیری ئەمریکا، ئینگلتەرا و ئیسرائیل دەبینی. لەساڵی 1998 کاتی دەرکەوتنم لە سوریا ئەو پشتگیریەیان بەدەستهێنا بوو.
لە سەرەتای 1990 کان پشتگیری ئەمریکا و ئینگلتەرا، لە 1996 (پەیمانی هاوکاری ستراتیژی سەربازی نێوان تورکیا و ئیسرائیل) پشتگیری رەهای ئیسرائیل بەدەستهاتبوو. ئیتر نۆرەی چارەسەرکردنی لایەنی ناوخۆیی

مەسەلەکە بوو، واتە ئەنجامدانی گۆڕانکارییە پێویستەکانی حکومەت و تەسفیەکاریەکانی ناو خودی سوپابوو. لەساڵی 1990 بەدواوە هەنگاو بە هەنگاو پێویستیەکانی جێبەجێ دەکران. دوای وەرگرتنی ئەرکی سوپاسالاری و ئەنجامدانی یەکەمین گەشتی بۆ بریتانیا کاتێک دوای گەڕانەوە دۆغان گورەش گووتی: "بۆ لەناوبردنی PKK لامپی سەوزیان بۆ داگیرساندووین" ئەو راستییە روون دەکاتەوە. زۆر باش ئاگادارین کە قۆناغی دواتر تەنیا بە هێرشەکانی لەناوبردنی کوردان و PKK سنووردار نەبوون، بەڵکو لە کوشتنی سەرۆک کۆمارەوە، گۆڕینی حکومەت، تەسفیەکاری ناو سوپا، بزاوت و کردەوە ساختەکاریەکانی دژ بە کۆمەڵگا، تیرۆرکردنی چەندین رۆشنبیر و کارساز، کۆمەڵکوژی خەڵک و دەستەمۆکردنی میدیا، رووداو و شەڕی مەترسیدار هاتنەئاراوە. ئەوەی کەم بوو تێگەیشتنی پەیوەندی زنجیرە ئاسای نێوان ئەو رووداوانە بوو، ئەگەر لەو کاتەی بووە بە ئەندامی ناتۆ تا 1998 رێبازە ئەستوورەکەی گلادیۆی ناتۆی ژێر سەرجەم رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە گرنگەکانی تورکیا نەبینین ئەوا ناتوانین هیچ تیرۆر، شەڕ و رووداوێکی گرنگ بەشێوەیەکی راست شیکار بکەین. لەناوەڕۆکدا شەڕێکی ناتۆ دژی داواکاری ئازادی، یەکسانی و ئازادیخوازی گەلان راگەیەنرابوو، دەرکەوتنم لە سوریاش خرابوویە سەر دوا ئەڵقەی ئەو شەڕەوە.

لەکاتی دەرکەوتن دوو رێگام لەپێش بوو: یەکەمیان شاخ، دووەمیشیان ئەورووپا بوو. هەڵبژاردنی رێگای شاخ مانای دژواربوونی شەڕ بوو، هەڵبژاردنی رێگای ئەورووپاش مانای بژاری چانسی رێگەچارەی سیاسی - دیبلۆماسی بوو. وەک دەزانرێت پێشووتر ئامادەکارییەکانی رێگای شاخ تەواو ببوو. ئەگەری بەهێز گرتنەبەری رێگای شاخ بوو. بەڵام لەوکاتەدا سەردانی شاندێکی یۆنانی بۆ لامان و دیدارە تەلەفۆنییە بەردەوامەکانی

نوێنەری یۆنانمان ئایفەر قایا لەگەڵ کاربەدەستانی یۆنانی، ئاراستەمانی بەرەو یۆنان گۆڕی. کێشەی کاربەدەستانی سوریا ئەوەبوو بەخێرایی سوریا بەجێبێڵم. بەڵام سەبارەت بە چوونم بۆ ئەوروپا نارەحەتییان پێوە دیاربوو. لەو لایەنەوە دابین نەکردن یان پێشنیازنەکردنی ئەڵتەرناتیڤێک کەموکوڕییەکی جددی خۆیان بوو. لەراستیدا چوون بەرەو ئەسینا لە حیسابدا نەبوو. دەرفەتێک بوو، بڕوام بە جددیەتی دۆستەکانی یۆنان کرد و نەمویست ئەو دەرفەتەمان لەدەست بچێت. ئەگەر بمزانیبووایە وەک ئەو تابلۆیەن کە دواتر رووبەڕووی بوومەوە، بەدڵنیاییەوە بۆ دەرەوە نەدەچووم. لێرەدا پێویستە بپرسین: وەک دەزانرێت بەشی گلادیۆ کە لە یۆنانیش زۆر بەهێزە، ئایا رۆڵی لە ئامادەکردنی ئەو سیناریۆیەی چوونە دەرەوەدا بینی؟ ناتوانم وەڵامێکی مسۆگەری ئەو پرسیارە بدەمەوە. پێویستە لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بکرێت. بەلانی کەم ئەگەری ئەوە هەیە کە لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنەی نێوان ئەمریکا و تورکیا لەبارەی رادەستکردنەوەی من هاتۆتەئاراوە رێککەوتنێکی پرەسیپانە یاخود زارەکی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ یۆنان جێگای باس بووبێت. شیمانەیەکی بەهێزە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی قوبرس و ئیجە نیازێکی بەمجۆرەیان پیشان دابێت. مسۆگەر پێویستە هەڵوێستە سازشکارانەکەی تورکیا سەبارەت بەو بابەتە رەچاو بکرێت.

کاربەدەستەکانی سوریا کاتێک لە 1998/10/9 پسپۆڕانە ئاراستەی فڕۆکەیان بەرەو ئەسینا گۆڕی و منیان هێنایە خوارەوە ئیتر ئاسوودە ببوون. کە لە ئەسینا دابەزیم کالاندریس لە بەرامبەرم بوو. کالاندریس ئەفسەرێکی ناتۆ بوو و ماوەیەکی درێژ لە تورکیا ئەرکدار ببوو. هەمان ئەرکی لە سوێدیش بەڕێوە بردبوو. ئەگەری هەیە ئەندامێکی گلادیۆی یۆنان بووبێت. خۆی وەک دۆستێک پیشاندەدا. تەتەرێکی سەیریش لە

نێوانماندا هەبوو. هەندێک لە بەڵگەکانی ناتۆی بۆ رەوانە کردبووم. لەوانەیە بە ئامانجی بەدەستهێنانی باوەڕی ئەو هەڵوێست و رەفتارەی پیشاندابێت. لەهەمان فڕۆکەخانەدا منی بۆ لای ژەنڕاڵێکی هێزی ئاسمانی و ستافراکاکیسی سەرۆکی هەواڵگری برد کە لە ژوورێک چاوەڕوانیان دەکردین. ستافراکاکیس بە هەڵوێستێکی لێبڕاوانە پێی گوتم؛ "بەشێوەیەکی کاتیش بێت ناتوانی بێیتە یۆنان". ئەو دۆستانەش لە ئارادانەبوون کە بەڵێنیان پێدابووین. تا ئێوارە مشتومڕمان کرد. بەڕێکەوت نوێنەرمان لە مۆسکۆ نومان ئوچار تەلەفۆنی کرد. بە فڕۆکەیەکی تایبەتی یۆنانی روومان لە مۆسکۆ کرد. بە یارمەتی جیرنۆفسکی سەرۆکی پارتی لیبرال دیموکراتی رووسیا لە مۆسکۆ دابەزین کە ئەو کاتە بەدەست کائیۆسێکی ئابوورییەوە دەیناڵاند. بەڵام ئەوجارە سەرۆکی هەواڵگری ناوخۆی رووسیا رووبەڕوومان بوویەوە. ئەویش هەمان هەڵوێستی ستافراکاکیسی هەبوو. لەو هەلومەرجانەدا مانەوە لە رووسیا زەحمەت بوو. نزیکەی سی و سێ رۆژ بە قسەی ئەوان بەنهێنی لەوێ مامەوە. ئەوانەی لایان مامەوە و لەگەڵم سەرقاڵ بوون سیاسەتمەداری بە بنەچە یەهودی بوون. لەو بڕوایە دابووم کە راستگۆن. بەراستیش دەیانەویست بمشارنەوە. بەڵام ئەو شێوازەم راست نەدەبینی. لەو ماوەیەدا هەم سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل شارۆن هەمیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئۆلبرایت سەردانی رووسیایان کرد. بریماکۆڤ سەرۆک وەزیرانی رووسیا بوو. هەمووشیان بە بنەچە یەهودی بوون. هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا مەسعود یلمازیش لەناو جموجۆڵ دابوو. لە کۆتاییدا لەسەر پڕۆژەی گازی سروشتی و قەرزە دەملیار دۆلاریەکەی سندوقی نێودەوڵەتی دراو رێککەوتن و بڕیاری دەرکەوتنی منیان وەرگرت.

بەهۆی ئەو باوەڕییەم کە "هەرچۆنێک بێت بە ئەزموونێکی حەفتا ساڵەی سۆسیالیزم تێپەڕیون، ئەگەر بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە بێت یان پێویستیەکی هەڵوێستی ئەنتەرناسیونالیستی بەدڵنیاییەوە بە ئاسانی پەسەندم دەکەن" یەکسەر مۆسکۆم هەڵبژارد. وێڕای هەرەسهێنانی سیستەم بەڵام بەو رادەیە چاوەڕوانی کەوتنی ئاستی مۆراڵ و ئەخلاقییانم نەدەکرد. رووبەڕووی وێرانەیەکی سەرمایەداری بیروکراتی بووین کە زۆر لە سەرمایەداری لیبڕال خراپترە. بەلانی کەم هێندەی هەڵوێستی دۆستەکانی ئەسینامان بەرامبەر هەڵوێستی دۆستانمان لە مۆسکۆش دووچاری هیواشکاندن هاتین. بەمانایەکی تر ئاشکرابوو کە ئەو پەیوەندییە دۆستایەتیانە جێگای باوەڕی و متمانە نین.
سێیەمین وێستگەمان دیسان بەڕێکەوت لەسەر بنەمای سوودبینین بوو لە پەیوەندییەکانی رۆما. بەیارمەتی دوو ئەندام پەرلەمانتەری پارتی کۆمۆنیست ـ سەرلەنوێ ئاواکردنەوە کە تازە پەیوەندیمان لەگەڵ بەستبوون سەرکێشی رۆمامان دەستپێکرد. ئەوجارە بە سیناریۆکەی هەواڵگری ئیتالیا رۆژانی رۆما دەستیپێکرد کە شەست و شەش رۆژ بەردەوام بوو و بەشێکی لە نەخۆشخانە بەسەر چوو. هەڵوێستی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئیتاڵیا راستگۆیانە بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ناتەواو بوو. گەرەنتی سیاسی تەواوی پێ نەبەخشین. دۆخی ئێمەی بۆ دادوەری بەجێدەهێشت. بەرامبەر ئەو رەوشە تووڕە و نارەحەت بووم. بۆیە بڕیارم دابوو لەیەکەم دەرفەتدا ئیتاڵیا جێبهێڵم. ماسیمۆ دالێما لە دوا لێدوانیدا گووتبووی چەندەی بمەوێت دەتوانم لەئیتاڵیا بمێنمەوە. بەڵام من ئەوەم وەک هەڵوێستێکی ناچاری بینی. ئەگەر بە هەڵەدانەچووبم لەو ماوەیەدا دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی عەرەبی جێگای باس بوو. باسی چوون بەرەو شوێنێکیان دەکرد

کە ناوەکەیان ئاشکرا نەکرد. بەهۆی نەبوونی زامن و فەرمی نەبوونی پەسەندم نەکرد.
دووەمین جار چوونم بۆ رووسیا هەڵە بوو. بەڵام رۆڵی هەڵوێستە خاو و سواوەکەی نومان ئوچار لەو هەڵەیەدا هەبوو. باوەڕم بە هەڵوێستە سواوەکەی ئەو کەسە کرد کە تا ئێستاش لە ناوەڕۆکەکەی تێنگەیشتووم و کەوتمە رێ. ناوەڕۆکەکەیم زانیبووایە هەرگیز لە رۆما دەرنەدەکەوتم. دەستخەڕۆیان کردبووم. کاتێک بە فڕۆکە تایبەتەکەی ماسیمۆ دالێما لە گۆڕەپان و سنووری ناتۆ دەرکەوتم ئۆخەیەکم کرد. بەڵام ئەو دەرکەوتنە وەک ئەوە وابوو کاتێک هەوڵمان دەدا لە باران رزگارمان بێت کەوتینە ژێر تەرزەوە. ئەوجارە دوای رازیکردنم لەلایەن هەواڵگری ناوخۆی رووسیا کە بەرەو ئەرمەنستان دەڕۆین منیان بردە فڕۆکەخانە. لەو بڕوایەدام وەک پێویستیەکی سیناریۆی ئامادەکراو دەستبەرداری مەسەلەی ئەرمەنستان بوون، بۆیە پێیان گوتم؛ بۆ هەفتەیەک دەتوانیت بچیتە تاجیکستان تا لەناو ئەو هەفتەیەدا شوێنێکی ئەڵتەرناتیڤ ئامادە دەکەین. بەجۆرێک لەجۆرەکان منیان هەڵخەڵەتاند و بە فڕۆکەیەکی بارهەڵگر لە دۆشنبەی پایتەختی تاجیکستان دایانبەزاندم. بەبێ دەرکەوتن یەک هەفتەی تەواو لە ژوورێکدا چاوەڕوانیمان کرد. دووبارە گەڕاینەوە مۆسکۆ، بەناچاری دووبارە پەیوەندیمان بە دۆستە یۆنانیەکانەوە کرد. لەناو دوو رۆژدا دوای رۆژێکی سەرکێشانە، سارد و سڕ و بەفراوی مۆسکۆ دووبارە روومان لە ئەسینا کرد.
هێندەی لە بیرمە ئەو جارە بە ئەسپایی بە خۆمم گوت کە کەوتوومەتە داوی یاری خوداوەندەکانی ئۆلۆمپۆسەوە. تەواو لەنێو تارمایی ئەو خوداوەندانەدا بووم. بەتایبەتیش خوداوەند حەدەسم بەبیرداهات. لە هۆڵیVIPی فڕۆکەخانە چووینە ژوورەوە و دەست پێکردنی چاودێرییە بێئامانەکەی

خوداوەندی دۆزەخ حەدەس بەیەکەوە بوون. شەوێک لە ماڵە پەرشوبڵاوەکەی خەسووی ناکازاکیسی دۆستم خەوتم کە بە ژنە جادووگەرەکانی چاخی کۆن دەچوو. لێم پرسیبوو "پانگالۆس چیدەکات" کاتێک گوتی:"لە هەڵبژاردنەکان بەکاری دێنێت"ئاشکرا دەبوو کە چەندە لە راستیەکانی سەردەم دابڕاوە. تۆزێکیش راستینە کۆن و رەسەنەکەی گەلی یۆنانی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ کە زۆر بێهێز کراوە. دوای ئەو شەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەنگاونان بەرەو سەربازگەی مەرگ دەستپێکرد. حەدەس بە تەواوی دەست بەکار بوو. هەر قسەیەکی دەکرا، هەرکارێکی ئەنجامدەدرا ساختە و درۆ بوو. ئایا کەسی راستگۆ نەبوو؟ هەبوو، بەڵام هەموویان بەرامبەر جانەوەرەکەی مۆدێرنیتە بێچارە بوون. لەهەنگاونان بەرەو ئەفریقیا ئەوجارە فاکتەری ماندێلا کاریگەر بوو؛ وەک چۆن فاکتەری لینین لە هەنگاونانمان بەرەو مۆسکۆ خاوەن کاریگەری بوو. گوایە دەچووینە باشووری ئەفریقیا، هەم پەیوەندی دیبلۆماسی تەندروستانەمان پێشدەخست، هەمیش پاسپۆرتی فەرمیم وەردەگرت. ساختەکاری یۆنان لەو تەڵەکەبازیەشدا سەرکەوتوو بوو. دەبووایە هەڵوێستم بەگوێرەی ئەو راستیە بووایە کە دیموکراسی گەلی یۆنان بەدرێژایی مێژوو لەلایەن ئەو ساختەکارە فریو دراوە و دووچاری تراژیدیای مەزن کراوە. باوەڕی بێگەردی منداڵانە بە دۆستایەتی کاریگەری لەسەر ئەو هەڵوێستەم هەبوو. لەکاتی دەرکەوتن لە یۆنان و چوونمان بۆ هەردوو فڕۆکەخانەکە شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلانەی منیان هەڵگرتبوو بە ئەنقەست شتێکیان دەکرد تا هەست بە دۆخەکە بکەم و لە چوون پاشگەز ببمەوە. بەو ئامانجەی لە پیلانگێڕییەکی گەورە ئاگادارمان بکەنەوە راستگۆ بوون و هەرچیەکیان بۆ کرا ئەنجامیاندا. ئەگەری هەیە ئەوانیش ئەندامی پلە نزمی هەواڵگری بووبن. یەکەمیان ئۆتۆمبێلی بە فڕۆکە داکێشا و چوونمانی بەربەست کرد.

هی دووەمیشیان سەرباری نهێنی چوونەکەمان بۆ فڕۆکەخانە بەڵام بە بیانووی خراپبوونی ئۆتۆمبێل حەوت جار چەندین دەقیقەیەک نزیک بە فڕۆکەخانەکە وەستا. هێندە بڕوامان بە بەڵێنەکانیان هەبوو ئەو دۆخەمان نەبینی. بە پێچەوانەوە پەلەمان دەکرد تا زووتر بزانین چی لە چارەنووسماندا هەیە. ئەو فڕۆکەی سواری ببووین یەکێک لەو فڕۆکانە بوو کە گلادیۆ لە ئۆپەراسیۆنە نهێنیەکان بەکاری دەهێنان.
هەروەها بەر لەوە گەشتێکمان بۆ مینسک ئەنجامدا. بەر لە چوون بۆ نایرۆبی گوایە لە رێگای مینسکەوە دەچووینە هۆڵەندا. دیسان بە فڕۆکەیەکی تایبەت لە مینسک دابەزین و دوو کاتژمێر زیاتر لەژێر ئەو سەرما و سۆڵە بێ وێنەیە چاوەڕوانیمان کرد، فڕۆکە چاوەڕوانکراوەکە نەهات. پۆلیسەکانی فڕۆکەخانەی بیلارووسیا بۆ چەندین دەقیقە فڕۆکەکەمانیان پشکنی. وەک ئەگەرێک و دوا دەرفەت لەوانەیە منیان لە فڕۆکەخانەی مینسک جێهێشتبووایە. ئەویتریش بۆ ویژدانی بەڕێوەبەرایەتی بیلارووسیا مابوویەوە. ئەوەی سەیرە لە هەمانکاتدا عیسمەت سەزگینی وەزیری بەرگری میللی تورکیا بە سەردانێک لە مینسک بوو. کە فڕۆکەی چاوەڕوانکراو نەهات، گوایە دەرفەتی دواییش لەدەست چووبوو. گەڕانەوە بۆ دواوەش جۆرێک لە "مردنی سپی" بوو. لە شرۆڤەکانی دواترم لاربوونەوەی فڕۆکەکەی گلادیۆ بەسەر دەریای سپیم بە کاروانی ئەو شەمەندەفەرانە چواند کە لە کۆمەڵکوژی یەهودییەکان بەکاردەهێنران. هەستیارترین و مەترسیدارترین قۆناغی رژێمی کۆمەڵکوژی جێگای باس بوو کە لە کەسایەتی من دژ بە گەلێک پەیڕەو دەکرا. لەو گەشتانەدا رووی نهێنی و راستەقینەی ناتۆم بۆ روون بوویەوە. کاتێک لە مینسک گەڕاینەوە، بەو ئامانجەی فڕۆکەکەمان لەهیچ یەکێک لە فڕۆکەخانەکانی ئەوروپا نەنیشێتەوە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر رەوشی نائاسایی راگەیەنرابوو.

وەک روون دەبێتەوە جگە لە فڕۆکەخانەی مینسک لە بیلارووسیای یاخی هیچ فڕۆکەخانەیەکی دیکە نیشتنەوەمانی پەسەند نەدەکرد. لە دۆزەخەکەی نایرۆبی سێ رێگایان لەپێش دانابووم: یەکەمیان؛ لەژێر بیانووی سەرپێچی فەرمانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، مردنێک بوو کە شێوەی پێکدادانی پێدەدرێت، دووەمیان؛ بەبێ ئەوەی قسەیەکی CIA بکەم بە دوو، فەرمانەکانیان پەسەند بکەم و بە تەواوی رادەستیان بم، سێیەمیان؛ قۆڵبەستکردنم و رادەستکردنم بە تیمەکانی هێزی تایبەتی تورک کە لە مێژ بوو ئامادە کرابوون.

کاتێک لە نایرۆبی بووین یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵمدا بوو دیلان لە حاڵەتێکی رۆحی زۆر نائارام دابوو. ئەگەر بە تەواوی بۆچوونەکانی خۆی روون کردبایەوە و توانای خستنەگەڕی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەبووایە، لەوانەیە پیلانگێڕییەکە تارادەیەک بەربەستکرابایە یاخود مایەپووچ کرابووایە. کاتێک پێشنیازی کرد بە دەمانچەیەک خۆمان بپارێزین، لام سەیربوو و پەسەندم نەکرد. ئەوە مانای خۆکوژی من و هەموومان بوو. نیازی خۆکوشتنم نەبوو. تادوا ساتیش لێم پاڕایەوە دەمانچەکەی لێوەربگرم. ئەگەر دەمانچەکەم لابووایە و هەوڵی راکێشانم دابووایە، مسۆگەر ئەو هەڵوێستە مانای مردن بوو. دواتر لەکاتی لێپرسینەوە پێیان راگەیاندم کە؛ لە حاڵەتی بەکارهێنانی چەک فەرمانی کوشتن هەبووە. هەروەها پێیان گوتم؛ دەرکەوتنت لە کۆنسوڵگەریش مانای مردن بوو، ئاقڵمەندانەترین هەڵوێستت پیشانداوە. نازانین تا چ رادەیەک راستی دەڵێن. تێگەیشتنی هەڵوێستی باڵوێز کۆستالس لەو پازدە رۆژەی نایرۆبی گرنگ و بایەخدارە. ئایا بەکاریان هێنابوو؟ یاخود زۆر پێشووتر وەک بەشێکی پیلانەکە ئامادەکرابوو؟ نەمتوانی ئەوە شیکار و یەکلایی بکەمەوە. بەر لە رادەستکردنەوەم بە هیچ جۆرێک سەردانی ئەو ماڵەی

نەکرد کە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بوو. کاتێک ویستیان بە فشار لە کۆنسوڵخانە وەدەرم نێن بەتوندی بەرپەرچی زەبانیەکەی نایرۆبی دایەوە. بەڵام لەوانەیە ئەو هەڵوێستەی ساختەکارانەش بووبێت. ئەوجارەش گوایە پانگالۆس مۆڵەتی هۆڵەندای وەرگرتووە. بڕوام بەو قسەیە نەکرد. چونکە لە حاڵەتێکدا کە لە کۆنسوڵخانە دەرنەکەوتبامایە تیمە تایبەتەکانی یۆنان لە پسوودابوون تا بە ناچاری بەدەرم نێن. پۆلیسی کینیاش بۆ ئەنجامدانی هەمان کار ئامادەکرابوو. هەڵبەتە چیرۆکی باشووری ئەفریقیاش وەک هەڵخەڵەتاندنێک بو و لە مێژبوو لەبیرکرابوو. پێشنیازەکانی لە جۆری پەنابردنە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان و کڵێساش جێی گومان بوون. هەوڵ و بەرخودانم بۆ دەرنەکەوتن بوو.

قۆناغە چوار مانگیەکەی 9 - 10- 1998 تا 15 شوباتی 1999 زۆر سەیر دەربازبوو. جگە لە ئەمریکای هێزی هەژموونگەرایی جیهان هیچ هێزێکی دیکە نەیدەتوانی ئەو ئۆپەراسیۆنە چوار مانگییە رێکبخات. رۆڵی هێزەکانی شەڕی تایبەتی تورک (ژەنڕاڵ ئەنگین ئالان سەرۆکی ئەو هێزانە بووە) لەو قۆناغەدا تەنیا بە فڕۆکە گواستنەوەی من بوو بۆ ئیمڕالی. مسۆگەر ئەوە یەکێک لە ئۆپەراسیۆنە گرنگەکانی مێژووی ناتۆ بوو. ئەوەش هێندە روون و ئاشکرابوو، بۆ هەر کوێیەک دەچوویت هەمان هەڵوێست جێگای باس بوو، کەس هەڵوێستێکی جیاوازی پیشاننەدەدا، کەسانێکی بەمجۆرەش هەبووایە یەکسەر بێ کاریگەر دەکران. بگرە رووسیای مەزنیش بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا بێکاریگەر کرابوو. هەڵوێستی یۆنانیەکانیش بۆ روونکردنەوەی هەموو شتێک بەس بوو. ئەو تەگبیرە ئاسایشیەی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەو ماڵە وەرگیرابوو کە لە رۆما لێی گیرسابوومەوە رەوشەکەی روون دەکردەوە. تەگبیری نائاسایی تایبەت بە زیندانییان وەرگرتبوو. نەمدەتوانی هەنگاوێک بۆ دەرەوە بهاوێژم. تیمە تایبەتەکانی

ئاسایش 24 کاتژمێر هەر شوێنێکیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵەوە. حکومەتی دالێما حکومەتێکی چەپی دیموکراتیخواز بوو. دالێما بێ ئەزموون بوو، خۆی بە تەنیا بڕیاری نەدا. تەواوی ئەوروپا گەڕا. ئینگلتەرا پێی گوت پێویستە خۆت بڕیار بدەیت؛ هاوکاریەکی ئەوتۆی نەکرد. هەڵوێستی بروکسلیش روون نەبوو. لە ئاکامدا حەواڵەی دادوەری کراین. لەو هەڵوێستەدا ناشێت رۆڵ و کاریگەری گلادیۆ نەبینرێت. بێگومان ئیتاڵیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە گلادیۆ تێیدا زۆر بەهێز بوو. بەرلسکۆنی هەموو هێزی خۆی خستبووە گەڕ. خۆی ئەندامی گلادیۆ بوو. کاتێک بینیم ئیتاڵیا توانای هەڵگرتنی نییە، ناچار بووم ئەوێش بەجێبێڵم. هەڵبەتە لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا تورکیا کرابوو بە بڕواپێکراوترین و پاشکۆترین وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەو قۆناغەی بە خێرابوون و جیهانیبوونی سەرشێتانە دادەنرێت، لەراستیدا جگە لە چیرۆکی پێشکەشکردنی تورکیا بە سەرمایەی فینانسی جیهانگیری شتێکی تر نەبوو.

سیناریۆی داگیرکردنی ئێراقیش پەیوەندیەکی بەهێزی بەرادەستکردنەوەی منەوە هەیە. لەراستیدا لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکەی سەر من داگیرکردن دەستپێکرد بوو. هەمان خاڵ بۆ داگیرکردنی ئەفغانستانیش لە جێگای خۆیدایە. بەمانایەکی تر یەکێک و یەکەمین هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی مەزن نراوە ئۆپەراسیۆنەکەی دژی من بوو. لەخۆڕا ئەجەوید نەیگووت: "بەهیچ جۆرێک تێنەگەیشتم بۆچی ئۆجەلانیان تەسلیم بە ئێمە کردەوە". وەک چۆن یەکەمین جەنگی جیهانی بە کوژرانی شازادەی جێنشینی نەمسا بە دەستی ناسیۆنالیستێکی سربی دەستپێکرد، بەجۆرێک لەجۆرەکان "سێیەمین جەنگی جیهانی"ش بە ئۆپەراسیۆنەکەی سەر من دەستی پێکردبوو. بۆ تێگەیشتنی قۆناغی دوای ئۆپەراسیۆن، پێویستە دەرک بە رووداوەکانی بەر لە ئۆپەراسیۆن و کاتی ئۆپەراسیۆن

بکرێت. بە ئامانجی تاوتوێکردنی مەسەلەی دەرخستنم لە سوریا سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا بیڵ کلینتۆن دووجار، جارێکیان لە دیمەشق و جارێکیشیان لە سویسرا کۆبوونەوەی چوار کاتژمێری لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا ئەنجام دابوو. لەو دیدارانە حافز ئەسەد هەستی بە گرنگی پێگەی من کرد. درێژکردنەوەی ئەو دۆخەی لە بەرژەوەندی خۆیدا بینی. بەشێوەیەکی کاتیش بێت داوای بەجێهێشتنی سوریایان لێنەکردم. بەنیاز بوو تاکۆتایی من وەک فاکتەرێکی هاوسەنگیکردن لە بەرامبەر تورکیا بەکار بێنێت. منیش سوریام ناچاری پیشاندانی هەڵوێستێکی ستراتیژی دەکرد. بەڵام هێزەکەم و دۆخەکەم بۆ سەرخستنی ئەو هەنگاوە لەبار نەبوو. ئەگەر لە ئێران بوومایە لەوانەیە رێککەوتنێکی ستراتیژیمان پێشخستبووایە. لەو بارەیەوە من بڕوام بە ئێران نەبوو؛ بەهۆی هەڵوێستە باوەکانی (پیلانگێڕیەکانی لە دژی سمکۆی شکاک و قاسملۆ و هاوشێوەکانی، لەسەرکارلابردنی ئەستیاغ لەلایەن هەرپاکۆسەوە) یان دوودڵ بووم. کلینتۆن و سەرکردە کوردەکانی ئێراق مانەوەی منیان لە سوریا بەگوێرەی بەرژەوەندی ستراتیژی خۆیان نەدەبینی. چونکە تا دەچوو کورد و کوردستان لەژێر کۆنترۆڵیان دەردەکەوت. ئیسرائیلیش زۆر لەو دۆخە نارەحەت و نیگەران بوو. کۆنترۆڵکردنی کوردستان رۆڵێکی گرنگی بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی دەرهەق بە ئێراق هەبوو. مسۆگەر دەیانویست دەرچوونم لە سوریا و وازهێنان لە رێبازی ئازادی و ناسنامەی کوردی سەربەخۆم بەسەردا بسەپێنن.

هۆکاری بوونی ئێمەش پارتەکەمان و رێبازی ئازادی بوو. ئەمریکا و ئینگلتەرا پابەندی ئەو بەڵێنە بوون کە لە ساڵی 1925 بە تورکیایان دابوو (بەو مەرجەی پەنجە بۆ کوردستانی ئێراق نەبەن، کوردستانی تورکیا بکەنە قوربانی). لەسەر ئەو بنەمایە تورکیا ببوو بە ئەندامی ناتۆ و لەو

چوارچێوەیەدا سەبارەت بە کێشەی کورد رێککەوتبوون. پێگە و ستراتیژییەکەمان هەڕەشەی لەو هەژموونگەرایی و هاوسەنگییەی خۆرهەڵاتی ناوین دەکرد کە بەشێوەیەکی گشتی و هەلومەرجی هەنووکەییش گرنگی و بایەخێکی مەزنی هەبوو. یان دەچووینە ناو خولگەی ئەو هەژموونگەرایییەوە یان لەناویان دەبردین. دەوڵەتی تورکیا خوازیار بوو ئەو رێککەوتنانەی لە ساڵی 1925 لەگەڵ هێزە هەژموونگەراکان ئەنجامیداوە (لە ساڵی 1926دا رێککەوتن سەبارەت بە بابەتی موسڵ ـ کەرکوک، ئەو رێککەوتنانەی لە 1958 و 1996دا لەگەڵ ئیسرائیل ئیمزاکراون) لەسەر بنەمای سڕینەوەی کوردان لەمێژوودا بەکاربێنێت. ئایدیۆلۆژیای میللیگەرایی عەلمانی پۆزیتیڤیست رێگا و دەرفەتی بەو هەنگاوە دەدا. کادیرانی کۆمار بەوە رازی کرابوون. لەراستیدا ئەوە رەوشێکی زۆر پێچەوانە و دژی رێککەوتن و رۆحی پەیوەندی مێژوویی کورد ـ تورک بوو. بەڵام بەهۆی حیسابەکانی دامەزراندنی ئیسرائیل هیچ سەرشێتیەک نەبوو سیستەم ئەنجامی نەدات. پێکهاتە دروستکراوەکەی ئەو ئایدیۆلۆژیا، کادیر و چینەی بە واقیعی تورکی سپی ناو دەبرێت لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد نرابوو. هەروەها PKK ش گوررزێکی کوشندەی لەو پێکهاتەیە وەشاندبوو. چونکە پەسەندکردنی ناسنامەی کورد و دانان بە ئازادییەکەی مانای نکوڵیکردنی ئەو پێکهاتەیە بوو، بەلانی کەم دەستبەردانی ئەو سیاسەتە کوشندەیەی دەکردە پێویستیەک. ئەو رێککەوتنانەی لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجام درابوون گرنگیەکی ژیانیی بۆ ئەو پێکهاتەیە هەبوو. خۆی لەخۆیدا دەوڵەت ـ نەتەوەی تورک وەک پرۆتۆ ـ ئیسرائیل بونیاد نرابوو.

لە چوارچێوەی PDKشدا هەوڵی ئاواکردنی پێکهاتەیەکی کوردی سپی هاوشێوە دراوە. هەمان ناوەند ئافراندنی دوو هێزی کورد و تورکی

هاوشێوە و ناکۆک لەگەڵ یەکتریان بە پێویستیەکی ژیانیی بوونی خۆیان دەزانی (لەپێناو ئاسایشی ئیسرائیل و بەرژەوەندی هێزە هەژموونگەراکان لە خۆرهەڵاتی ناویندا، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا و ئینگلتەرا). پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بە چوارچێوەی ئەو دوو هێزەی وابەستە بەخۆیان و ناکۆک بەیەکتر تا دوا رادە سیاسەتێکی ئاقڵانە بوو. بەڵام هەستانەوەی PKK ئەو تەڵەزگە مێژوویی و هەنووکەییەی تێکدەدا. سەرهەڵدانی دەرفەتی ئاشتی و رێگەچارە لە 1993و 1998 مانای کۆتایی ئەو تەڵەزگەیە بوو. هەربۆیەش مۆڵەتیان بەو شێوازەی چارەسەری نەدا. تیرۆر و پیلانگێڕی مەزن رێکخران. کاتێک PKK کوردان لەژێر کۆنترۆڵیان دەربخات و لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی دیکە ئاشتیان بکاتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە لەگەڵ تورکەکان، ئەوا گورزێکی ستراتیژی بوو بەرامبەر بەردەوامکردنی بەرژەوەندی و تەڵەزگە هەژموونگەراییەکانی ئەو هێزانە لە خۆرهەڵاتی ناویندا. ئەو خاڵانەی بەشێوەیەکی تێر و تەسەلتر دەتوانین راستیەکانی ریز بکەین بەپێی پێویست روونی دەکاتەوە کە بۆچی ئامانجی پیلانگێڕی 1998 گەورە و ستراتیژی بوو.

لەو قۆناغەدا کلینتۆن گرنگیەکی زۆر بە شاڵاوە هەژموونگەراییەکەی خۆرهەڵاتی ناوین دەدات و جەختی لەسەر بایەخی رۆڵی تورکیا دەکردەوە. راوێژکارە تایبەتەکەی ژەنڕاڵ گالتاری خۆی رایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنەکەی دژی من بە فەرمانی خودی کلینتۆن بەڕێوەبراوە. کاتێک دێینە سەر باسی "سێیەمین جەنگی جیهانی"ش، لە زۆر لایەنەوە دەربازکردنی ئاماری یەکەمین و دووەمین جەنگەکانی جیهانی لەلایەن ئاماری ئەو شەڕانەی لە رووداوەکانی زۆربەی وڵاتانی هاوشێوەی ئێراق، ئەفغانستان، لوبنان، یەمەن، سۆماڵ و میسر هاتۆتە ئاراوە بۆ تێگەیشتنی

واقیعی ئەو شەڕە بەسە و روونکەرەوەیە. هەڵبەتە ئەو خاڵە مایەی تێگەیشتنە کە بەهۆی چەکی ئەتۆمیەوە "سێیەمین جەنگی جیهانی" پارچە پارچە روودەدات، ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و لەمیانەی تەکنۆلۆژیای جیاوازەوە بەڕێوە دەبرێت. دوا لوتکەی ناتۆ لە لیزبۆن و قووڵکردنەوەی ئابلۆقەکەی ئەمریکا لە دەوروبەری ئێران زانیاری پێویست سەبارەت بە ئاراستەی سێیەمین جەنگی جیهانی پێشکەش دەکات.

"سێیەمین جەنگی جیهانی" واقیعێکە و جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوین و زەمینە کلتوورییەکەی چەقی قورساییەکەیەتی. تەنیا ئەو بوویەرانەی لە چەقی قورسایی "سێیەمین جەنگی جیهان" ی لە ئێراق روودەدەن بەشێوەیەکی بەرچاو روونی دەکاتەوە کە ئەو شەڕە تەنیا پەیوەندی بە وڵاتێکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەرژەوەندی و بوونی هێزە هەژموونگەراکانی جیهانەوە هەیە. تەنیا دوای بێکاریگەرکردنی تەواوەتی ئێران، سەقامگیربوونی بارودۆخی ئەفغانستان و ئێراق، بەلاوەنانی دۆخی هەڕەشەی چین و ئەمریکای لاتین دەشێت ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێت. لەو سۆنگەیەوە؛ هێشتا لە ناوەڕاستی شەڕەکە داین. هەرچەندە گوتنی شتێکی رەها و مسۆگەر لەبواری کۆمەڵناسیەوە راست نەبێت، بەلانی کەم لەوانەیە شەڕەکە دە ساڵی دیکە بەردەوام بێت (دوا پیلانە ستراتیژیەکانی ناتۆش بۆ ماوەی دە ساڵ پێشبینی کراوە). هەندێک جار دیبلۆماسی، جارانێکیش توندوتیژی چڕ دەبێتەوە. لەمیانەی قەیرانی ئابووری دژوار و کۆنترۆڵکراوەوە دەستێوەردان بە رۆژەڤ دەکرێت. لە پێشینەیی ناوچەکان دەگۆڕێت، بەڵام بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشێوەیەکی هەمەگیری شەڕ لە چەندین ناوچە روودەدات. تەنیا کاتێک ئەو سروشتە بنەڕەتییەی شەڕ رەچاو بکرێت، ئەو کاتە باشتر دەرکی پێدەکرێت کە بۆچی ئۆپەراسیۆنەکەی 1998 دژی من لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەڕێوەچوو،

لەبەرچی گەورەترین ئۆپەراسیۆنی گلادیۆی ناتۆیە. بێگومان لە شەڕە گەورەکاندا بەردەوام هێزە هەژموونگەراکان سەرکەوتوو نابن. بەڵکو گەلانیش دەتوانن دەسکەوتگەلێکی زۆر بەدەست بێنن. بگرە لەوانەیە هێزە هەژموونگەراکان وەک سیستەم ژێر بکەون، گەلانیش وەک سیستەم سەرکەوتن بەدەست بێنن.

## 2 - قۆناغی ئیمڕالی

گرنگترین بەشی پیلانگێڕییە گەورەکەی گلادیۆ لە ئیمڕالی هەوڵی جێبەجێکردنی دراوە. تەنیا ئەرکی ژەنراڵ ئەنگین ئاڵانی سەرۆکی ئەو یەکینەیەی منی هێنایە دورگەکە بەسە بۆ روونکردنەوەی ئەو واقیعە. ئەنگین ئاڵان فەرماندەی هێزە تایبەتەکانی ئەو قۆناغە بوو، واتە بەرپرسە فەرمیەکەی گلادیۆی تورک بوو. هەڵوێستی کاربەدەستەکەی کۆنسەی یەکێتی ئەوروپا کە لە دوورگە پێشوازی لێکردم، باشتر رەهەندی یەکێتی ئەوروپای پیلانگێڕییەکەی روون دەکردەوە. بەمجۆرەش رێککەوتنی نێوان ئەمریکا، ئەوروپا و بەڕێوەبەرانی تورکیا ئاشکرا دەبوو. بەڵگەیەکی روونتر لەو سێ هێمایە (لێدوانەکانی راوێژکاری تایبەتی کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکا ژەنراڵ گالیتاری، هەڵوێستی ژنە کاربەدەستەکەی کۆمیساری سیاسی یەکێتی ئەوروپا و رۆڵی بەرپرسی فەرماندارێتی هێزی تایبەتی تورک ئەنگین ئاڵان) جێگای باس نابێت کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکە لەژێر بەرپرسیارێتی سیاسی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و لەلایەن گلادیۆی ناتۆوە بەڕێوە چووە. بەر لە ئاشکرابوونی ئەو راستیانەش هیچ گومانێکم نەبوو کە ئەو هێزەی منی بێکاریگەری کردووە هێزە ئاسایشیەکانی حکومەتی تورک نین، بەڵام تەواو لە میکانیزمی

ئۆپەراسیۆنەکە تێنەگەیشتبووم. ئۆپەراسیۆنەکە لەواقیعەکەی خۆی زۆر جیاوازتر پیشاندەدرا. بەئەنقەست و بە سووربوونەوە کەشێکی لەو جۆرە دروست دەکرا کە گوایە حکومەتی تورکیا فشار دێنێت و ئەنجام بەدەست دێنێت. تەنانەت کاتێک سەرەتا بڵند ئەجەویدی سەرۆک وەزیریش بێ ئاگایی خۆی لە هۆکاری دەستگیرکردنم و رادەستکردنەوەم راگەیاند، بووە بەڵگەیەکی گرنگ و سەلمێنەری ئەو بانگەشەیەم. چەندەی ئەو بوویەرانە شیکارو یەکلا بکرێنەوە ئەوا بانگەشەکەم بەشێوەیەکی باشتر دەسەلمێت.
یەکەم کەسی لە دورگەی ئیمرالی پێشوازی لە من کرد سەربازێکی بەپلەی سەرتیپ بوو. خۆی وەک نوێنەری سوپاسالار ناساند. لە دانیشتنێکدا کە جەختی لەسەر نهێنیەکەی کردەوە ئاخافتنگەلێکی گرنگی کرد. دواتر کاتێک لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی فەرمی دەستیپێکرد هەمان کاربەدەست ئاخافتنی جیاواز و گرنگی کردبوو. لێکۆڵینەوە راست و چەپەکەی ئەو گروپەی لەچوار یەکینەی ئاسایش (سوپاسالار، جەندرمە، ئاسایش و هەواڵگری میللی) پێکهاتبوو دە رۆژ بەردەوام بوو. لەو ناوەدا کاسێتێکم تۆمار کرد کە ئاخافتنەکانم روو لە فەرماندەی هێزەکان بوو. دواتریش بەدرێژایی چەندین مانگ بەشێوەی گفتوگۆ ئاخافتین. ناوە بەناوە کەسانی دیکەش نێوەندگیریان دەکرد، هەندێک جار شاند لە ئەوروپاشەوە دەهاتن.
ئەولەویەتم بە چەمکی بەرگرینامەیەکدا کە ماهیەتی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی قۆناغی ئیمرالی رەچاو دەکات. ئەو هوشیارییە تورکێتیە وشکەی دووچاری هاتبوون، پەیوەندی ئەو کەسانەی بەراستیەوە بڕیبوو کە بەناوی تورکێتیەوە دەجوولانەوە. دەرککردنمان بە فەلسەفەکەی پشت پیلانگێڕیەکەوە پێچەوانەی سروشتەکەیان بوو. چونکە ئەوانیش بەرهەمێکی ئەو بونیادانە بوون کە بەلانی کەم ئەو فەلسەفە سەد ساڵیەی پیلانگێڕی بونیادیان ناون. لەو سۆنگەیەوە؛ چاوەڕوانی نکوڵیکردن و رەخنەکردنی ئەو بونیادانەیان

لێنەدەکرا. چاوەڕوانیکردنی هەر ئیرادەیەکی ئەرێنی گۆڕانکاری چ لەکاتی کۆمیدیاکەی دادگایی کردن بێت یان لە قۆناغی حوکم دراویدا بێواتا دەبوو. بڕواکردن بەوەی بەگوێرەی گوتە بەچرپەکانی نوێنەری سوپاسالار دەجووڵێنەوە، لەو هەلومەرجە زاڵەدا سافێتی بوو. خۆشیان لەو هێزەی بڕیاردان بێبەش بوون کە گوتەکانیان جێبەجێ بکەن. سیستەمێکیان سەبارەت بە من دۆزیبوویەوە کە ئەمریکا پاڵپشتی دەکرد و یەکێتی ئەورووپاش کۆنترۆڵی کردبوو. وێناکردن و داهێنانی سیستەمەکە کاری ئینگلتەرا بوو، جێبەجێکردنیشی بەشی تورکەکان بوو.

تێگەیشتنی زهنیەتی فەلسەفی و سیاسی پشت پیلانگێڕییەکە بایەخدارە و گرنگیەکی مەزنی هەیە. بەردەوام باسی بنەما سەد ساڵیەکەی پیلانگێڕی دەکەم و هەوڵی روونکردنەوەی دەدەم. باسی ئەو پیلانگێڕییانەم کرد کە بەردی بناغەی هەر قۆناغێکن. بەساتە وەختێک دەتوانرێت سەدان لەو پیلانگێڕییانەی دەرهەق بە کوردان ریزبکرێت: پیلانگێڕی فیرقەکانی حەمیدیە، 1914 لە بتلیس دژی مەلا سەلیم، 1925 دژی شێخ سەعید، پیلانگێڕی 1930ی ئاگری و 1937ی دێرسم، دۆزی 49 کەسی 1959و 400 کەسیەکەی 1960، کوشتنی فائیق بوجاق و تیرۆرکردنی سەعید قرمزی تۆپراغ لەلایەن PDKوە، هەروەها سەدان پیلانگێڕی لە سەردەمی گرووپی ئایدیۆلۆژیەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان دژی PKK رێکخراون. رێکخەرانی پیلانگێڕی ئەو پیلانگێڕییانە بە هونەرێکی دەسەڵات دادەنێن کە بەشێوەیەکی شارەزایانە رێکخراوە. واتە پیلانگێڕی گرنگترین ئامراز و رۆحی هونەری دەسەڵاتە. مسۆگەر لەسەر بنەمای پیلانگێڕی ئەو هونەرەیان لەسەر کوردان پەیڕەو دەکرد. جێبەجێکردنی پیلانگێڕی بەشێوازێکی ئاشکرا، وەک چیرۆکەکە وایدەکرد منداڵەکە بڵێ:"دایکە سەیرکە پاشا رووتە". هێزێکی دەسەڵات کە ئامانجی کردەوەگەلێکە تا

ئاستی کۆمەڵکوژی دەڕوات، جگە لە پیلانگێڕی و زهنیەتێکی ئاراستەکاری پیلانگێڕی ئامرازێکی دیکەی لەدەستدا نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ناسین و پێناسەیەکی راستی ئەو هێزانەیە کە جێگای خۆیان لەناو پیلانگێڕیدا دەگرن.

پێویستە بڵێم؛ کە لە قۆناغی ئیمڕالیدا لەو بارەوە زەحمەتیم بینی. چونکە زۆر هێزی ناکۆک لەگەڵ یەکتر جێگای خۆیان لەناو پیلانگێڕییەکەدا گرتبوو. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە تا فیدراسیۆنی رووسیا، لە یەکێتی ئەوروپاوە تا کۆمکاری عەرەبی، لە تورکیاوە تا یۆنان، لە کینیاوە تا تاجیکستان چەندین دەوڵەت کەوتبوونە ناو پیلانگێڕییەوە. چی بوو ئەوەی تورک و یۆنانیەکانی دوژمنی سەدان ساڵەیان کردبوو بەیەک؟ بۆچی رێککەوتنی هێندە بێ پرەنسیپانە یاخود یەکێتی بەرژەوەندی لەسەر پشتی من بەدیدەهات؟ هەروەها ژمارەی ئەو بەکرێگیراوە میللیگەرا و چەپڕەوە کورد و تورکانەش لە ژمار نەدەهاتن کە لەناخەوە بەهۆی بەئامانجگرتنی من دڵخۆش بوون. وەک بڵێی؛ لە کەسایەتی مندا دونیای فەرمی مەترسیدارترین رەقیبی خۆی بەتەڵەوە کردووە. هەروەها لەناو PKKشدا ژمارەی ئەوانە کەم نەبوو کە لەو بڕوایەدابوون ئیدی رۆژی خۆیان هات و ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساوە چۆنیان بوێت وەها بژین. بێگومان بەر لە هەموو شتێک و تێبینیەکی گشتی پیشانی دەدات کە سەرجەم ئەو هێزانە لەو چین و توێژانەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری پێکدێن کە بەدوای بەرژەوەندییە لیبڕالەکانەوە بوون. منیش هەڕەشەم لە بەرژەوەندی و زهنیەتی فاشیستانەی لیبڕالیزمی زۆربەیان دەکرد.

بۆ نموونە؛ لەناو ئەو هێزانەدا ئینگلتەرا بە ئەزموونترینیان بوو. ئەو هێزەیە کە بەئامانجی بەربەستکردنی سیاسەتکردنم لە ئەوروپا یەکەمین فیشەکی تەقاند. هەرچۆن هەنگاوم بۆ ئەوروپا هاوێشت یەکسەر منی بە

"کەسی نەخوازراو" راگەیاند. ئەوە هەنگاوێکی بچووک و ئاسایی نەبوو، یەکێک لەو هەنگاوانە بوو کە پێشوەخت ئەنجامی دیاریدەکرد. ئەو هەڵوێستەی سەبارەت بە خومەینی و لینینیش پیشاننەدرا بۆچی یەکسەر بەرامبەر من پیشاندرا؟ لەچەندین بەشی بەرگرینامەکەمدا هەوڵی روونکردنەوەی سەرەداوەکانی ئەو هۆکارەم داوە. هەر بۆیەش دیسان پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە. بەکورتی؛ وەک کۆسپێکی جددی بەردەم لێکدانەوە دووسەد ساڵیەکەی هەژموونگەرایی سەر خۆرهەڵاتی ناوین و سیاسەتەکەیان لەبارەی کوردستان (بە کورتی؛ بەهۆی سیاسەتی "کەرکوک ـ موسڵ مان پێبدە، کوردەکانی خۆت لەناو ببە") سەرم هەڵدابوو. ئیتر لەلایەن سەرجەم پیلان و جێبەجێکارەکانیانەوە بە هەڕەشە و مەترسی دادەنرام. مەسەلە و دەردی ئەمریکا جیاوازتر بوو. خوازیار بوون پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوینی مەزن بخەنەگەڕ. هەربۆیەش گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی کوردستان رۆڵی کلیلی دەبینی. بێکاریگەرکردنم بەشێوەیەکی رەها بەلانی کەم پێویستییەکی هەلومەرجی زاڵ بوو. لەناوبردنم بەگوێرەی سیاسەتە جیهانگیرییەکانی ئەوکاتیان بوو. رووسیا ئەو کاتە کە دووچاری قەیرانێکی گرنگی ئابووری مێژووی خۆی هاتبوو پێویستییەکی پەلەی بە قەرز هەبوو. ئەگەر ببێت بە دەرمانی دەردەکەی ئەوا هیچ هۆکارێک نەبوو جێگای خۆی لە پیلانگێڕییەکەی دژی من نەگرێت و رۆڵی خۆی لەو چوارچێوەیەدا نەبینێت. ئەوانەی تریش برا بچووکی "برا گەورە" بوون. هەرچیەکی بڵێت دەست لەسەر سینگ بۆی وەستابوون. دەرفەتێکی جددی رزگاربوون لە رەقیبەکەیان بۆ چەپڕەوێتی تورک (دەرئاساکان جیاوازن)، کوردە بەکرێگیراوەکان و ناڕازییەکانی ناو PKK رەخسابوو. فەلسەفەی بەرژەوەندیپەرستی، پراگماتیزم و خۆپەرستی لە قووڵایی ئەو هەڵوێستانەی هەموویاندا شاراوە بوو.

کاتێک باسی ئەو خاڵانە دەکەم لەو بڕوایەدام کە تۆزێکیتریش راستی رۆشن دەکەمەوە. لەو رۆژانەدا لایەنگریکردنی ئازادی کوردستان و بەدەستهێنانی ناسنامەی کوردان، پێویستی بە دەربازکردنی هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی رۆژانەیی لیبڕالیزم، پراگماتیزم و خۆپەرستی هەبوو؛ فەرمانی پێدەکردین دەستبەرداری ژیانی راستڕەو و چەپڕەوانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بین یاخود بەرەنگاری ئەو ژیانە ببینەوە. بەپێچەوانەوە دونیای ئەو رۆژانە دونیایەک بوو کە لیبڕالیزمی جیهانگیری لە شەڕی فەتحکردنی جیهاندا گەورە دەبوو. ساڵانێک بوو کە فاشیزمی لیبڕال باڵادەستی خۆی بەسەر جیهاندا راگەیاند. لەروانگەی سیاسیشەوە خۆرهەڵاتی ناوین ناوەندی ململانێی هەژموونگەرایی بوو. تێکۆشان و ململانێی سەر کوردستان سەبارەت بە لێکدانەوەکانی هەژموونگەرایی رۆڵی کلیلی دەبینی. پێگە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکەی PKK ناکۆکیەکی روون و ئاشکرای لەگەڵ حیسابەکانی هەژموونەگەرایی هەبوو. لەو سۆنگەیەوە؛ تەسفیەکردنم مانای رێخۆشکردن بوو لەپێش ئەو حیساب و لێکدانەوانەوە.

لەگێژاو و سوڕی ناپەسەندی ئیمڕالی سەرجەم ئەو حیسابە مێژووییانە سەرلەنوێ لە کەسێتی مندا زیندوو بوویەوە. لەپێناو شیکارکردنی قۆناغی ئیمڕالی دەبووایە خاوەنی هوشیارییەک بم کە دەرک بە ململانێ هەنووکەییەکانی بەرژەوەندی بکات کە خاوەن ریشەیەکی مێژوویی درێژخایەنە. یەکێک لەو خاڵانەی حیسابەکانی پیلانگێڕی سیستەمی پیلانگێڕی کە پێویستە رەچاو بکرێت بە ئامرازنەبوونی سیاسەتەکانی پەرتکە ـ زاڵبەیە کە شارەزایانە پیلانی بۆ دانراوە و لەو دوو سەدەیەی دواییدا دەرهەق بە ناوچەکە پەیڕەو کراوە و لە قووڵکردنەوەی شەڕی کورد ـ تورک ی ئامانجکراو لە بەرژەوەندی ئەو هێزانە بەکاردەهێنرێت.

ئەرمەنی، گریک، گروپە ئەتنیکیەکانی بەلقان، عەرەب، سوریانی، تورک و کوردەکان کە بوونە ئامرازی ئەو سیاسەتە شتگەلێکی زۆریان لەدەست دا و زیانێکی زۆریان بەرکەوتبوو. هەندێک لەوانە لە نیشتیمانی هەزاران ساڵەیان دەربەدەر بوون و بوونی کلتوورییان لەدەستدا، بگرە لەدۆخی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی وەدەرنرابوون. هەروەها لەبەر ئەوەی لەگەڵ تورکەکان بەیەکەوە دەژیان چەندین هێز کین و تووڕەییان بەرامبەر کوردان هەبوو. ئەو یەکێتیەی لەسەردەمی شەڕی مەلازگردەوە گرنگی خۆی پاراستبوو، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی نکوڵی و قڕکردن لە 1925 بەدواوە کۆتایی پێهێنرا. ئەگەر بەشێوەیەکی قووڵ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرۆسەی نکوڵی و لەناوبردنی ئەو ئەندامە بنەڕەتیەی کۆمار بکرێت و لەمیانەی فەلسەفەی مێژووەوە راڤە بکرێت، ئەوا ئاشکرا دەبێت کە لە ناوەڕۆکدا ئەو یەکێتییە ستراتیژییە کراوەتە ئامانج. فشاری ئینگلیزەکان و پاشکۆ ناوخۆییەکانی بۆ سەر مستەفا کەمال و ناچارکردنی گرنگترین هەنگاوی پیلانگێڕی بوو. دوژمنایەتی و ئاسیمیلاسیۆنی کوردان لە فەلسەفە و دیاردەی بەڕێوەبەرایەتی نەریتی تورکدا نەبوو. ئەو دوژمنایەتییە بە ئامانجی تایبەت پێشخرابوو. قۆناغەکانی سەرهەڵدان و رووداوەکانی دواتر ئەو راستییە دەسەلمێنن. ئەو رەوشە کە لە ئیمڕالی زیاتر سەرنجی راکێشام و لەبارەیەوە قووڵتر بوومەوە، لە فەلسەفەی سیاسیمدا رێگای لەپێش وەرچەرخانێکی ریشەیی کردەوە.

لەو بەرگرینامانەی بەشێوەی سێ ڤێرسۆن پێشکەشم کردن دەشێت پەرەسەندنی ئەو فیکرە سیاسییە ببینرێت. هێڵە گشتیەکانی ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووم بەم شێوەیەیە:

أ ـ لەکەسێتی مندا پیلانگێڕی تەنیا دژی کوردان ئەنجامنەدراوە، بەڵکو دژی تورکەکانیش ئەنجامدراوە. شێوەی رادەستکردنەوەم و نیازی ئەوانەی

ڕۆڵیان تێدا بینی کۆتاییهاتنی تیرۆر و چارەسەری نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەک قووڵکردنەوەی بناغەی ئەو ناکۆکیە بوو تا سەدەیەکی دیکەش بەردەوام بێت. پاڵنانی من بۆ ناو تەڵەزگەی پیلانگێڕی و پێوەکردنم دەرفەتێکی بێ وێنەی پێشکەش بەو نیازەیان کردبوو. تادوایی خوازیاری بەکارهێنان و قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە بوون. ئەستەم بوو بە پێچەوانەی ئەوە بیربکەنەوە. چونکە ئەگەر بیانویستبایە لەو بارەیەوە دەیانتوانی کۆمەک بە پەرەسەندنە ئەرێنیەکان پێشکەش بکەن. کەچی بەردەوام کارەکانیان بەرەو هەڵدێر دەبرد، لەجیاتی چارەسەرکردنی کێشەکە تەواو دەیانکرد بە گرێکوێرە. دەیانویست دوالیزمێکی هاوشێوەی ئیسرائیل ـ فەلەستین بئافرێنن. وەک چۆن سەدەیەکە دوالیزمی ئیسرائیل ـ فەلەستین لە خۆرهەڵاتی ناوین خزمەت بە هەژموونگەرایی خۆرئاوا دەکات، دوالیزمی تورک ـ کوردیش کە زۆر لەو گەورەتر و فرە ڕەهەندترە بەلانی کەم سەدەیەکی تر خزمەتی بە حیساب و لێکدانەوەکانیان دەکرد. هەڵبەتە هەمان ئامانج لەژێر پێشخستنی چەندین کێشەی مەزهەبی و ئەتنیکی سەدەی نۆزدەهەمی ناوچەکە و بێچارە هێشتنەوەیاندا شاراوەیە. واقیعی قۆناغی ئیمڕالی زانیارییە خاوەکانمی لەو بارەیەوە پێگەیاند. بەڵام گرنگترین کێشەی ڕووبەڕووم دەبوویەوە، حاڵیکردن و تێگەیاندنی نوخبەی بەڕێوەبەرایەتی تورک بوو.

ب ـ لەو سۆنگەیەوە؛ گەورەترین کێشەم ئەوەبوو تێیان بگەیەنم کە لە من و کوردان زیاتر پیلانگێڕی دژی تورکەکان ئەنجامدراوە. بەردەوام ئەوەم بۆ لێکۆڵەرەوەکان دووبارە و ڕوون دەکردەوە. بەڵام ئەوان خۆیان خستبووە ناو هەوەس و خۆشی سەرکەوتنەوە. ئەو هەڵوێستەیان تا ساڵی 2005 بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی زانییان بزووتنەوەی ناسنامە و ئازادی کوردان لەجاران زیندووترە. کاتێک بەشێوەیەکی قووڵتر سەبارەت بە بابەتەکە

قاڵبوومەوە، ئەوا لە نزیکترەوە فاکتەرەکانی پیلانگێڕی سەردەمەکانی مەشروتیەت و کۆمارم بینی. بۆم دەرکەوت ئەو بوویەرەی بە سەربەخۆیی تورک دادەنرێت یەکێکە لە خراپترین جۆرەکانی وابەستەیی. وابەستەیی تورکەکان ئایدیۆلۆژی و سیاسی بوو. تا دەچوو زیاتر دەرکم بەوە دەکرد کە میللیگەرایی و نەتەوەپەرستی بونیادنراو زادەی دەرەوەیە و پەیوەندییەکی زۆر کەمی بە مێژوو و دیاردەی کۆمەڵگای تورکەوە هەیە. هێزە هەژموونگەراکان ئاگاداربوون کە نوخبە و هێزی بەڕێوەبەرایەتی تورک لەبارەی دەسەڵاتەوە چەندە لاوازن و ئەو لاوازیەشیان بەکاردەهێنا. ئەو ستەم و فەرمانڕەواییە سنوورنەناسەی لەسەر کوردانیشیان ئاواکردبوو بۆ هەمان لاوازی دەگەڕایەوە. ئەو زاڵبوون و ستەمە لە هەمانکاتدا مانای دەستەمۆبوون و مەحکومبوونیشیان بوو. فەرمانڕەوایەتیەکەیان بەردەوام پاشکۆ بوو، ئایدیۆلۆژیای خۆیان نەبوو؛ بە مانایەکی تر رێسای "زاڵبوون و فەرمانڕەوایەتی هەموو شتێکە، ئایدیۆلۆژیا هیچ نییە" پەیڕەو دەکرا.

ج ـ "کەروێشک راکە، تانژی بیگرە" ئەو رێبازە بوو کە هێزە هەژموونگەراکان لە قووڵکردنەوەی دوالیزمی تورک ـ کورد بەکاریان هێناوە. رێبازێکە هەم تانژی هەم کەروێشک لەو راکەراکەیەدا ماندوو دەبن، لەئاکامدا هەردووکیشیان دەکەونە ژێرخزمەت و فەرمانی خاوەنەکانیان. ئەوەی بەرامبەر منیش پەیڕەوکراوە مانای سەلماندنی ئەو رێبازەی دەبەخشی. هەڵوێستەکانی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا و بڕیارەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا بە تەواوی خزمەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەیان دەکرد. ئەو لۆژیکەی جێگای باس بوو: تادوا رادە بەخۆوە گرێدانی هەردوو لایەن بوو. ئامانج دادوەری و چارەسەری نەبوو. هەر بۆیەش زیاتر بە ئامانجی شەرمەزار و ریسواکردنی ئەو لۆژیکە بەرگرینامەکانم پێشکەش کرد. بەشێوەیەک جێگیرکردنی رێکخراوی

گلادیۆ لە لوتکەی دەوڵەتدا کە لەهیچ وڵاتێکی ناتۆدا نەبینراوە ناشێت بەبیانووەکانی نیازپاکی و ئاسایش روون بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی جڵەوەکەی بەدەستی خۆیانەوە بو و وڵاتیان بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوە دەبرد، هێزە هەژموونگەراکان چاوپۆشیان لە پاشکۆی گلادیۆی تورکیا کرد. کاتێک بەشێوەیەکی گشتگیر لەنزیکەوە توێژینەوە لەبارەی گلادیۆوە بکرێت و فەلسەفەکەی رۆشن بکرێتەوە، ئەوا دەبینرێت کە ئامانجیان داگیرکردنی وڵاتە لە کورتترین رێگاوە و پارچەکردن و بەگژ یەکترەوەنانی گەلە. بەتایبەتیش ئەو واقیعە بەردەوام لەناو پاشکۆکانیان لەخۆرهەڵاتی ناوین جێگای باس بووە و لەمیانەی کردارەکانیانەوە دەردەکەوتە روو. بەکاریگەرترین ئامرازی بەڕێوەبردنی گەلێک بوو. هەم گەلەکەی دژی دەوڵەت رادەکاتە سەر پێیان، هەمیش هەردووکیان بەیەکترەوە سەرکوت دەکات. هەریەکێک یان هێزێکی بە هەڕەشەیان زانیوە بەو رێبازە لەناویان دەبردن. لەراستینەی بەڕێوەبەرایەتی شەست ساڵی دوایی تورکیادا ئەو دیاردەیە زۆر زەق و بەکاریگەر بوو. ئیتر وڵات کرابوو بە تاقیگەی شەڕ و ململانێکانی گلادیۆ. تەنیا ئەو شەڕ و پێکدادانانەی لەسەرجەم قۆناغە گرنگەکانی مێژووی PKKدا بەهۆی گلادیۆ هاتوونەتە ئاراوە بەس بوو بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆستایەتییە نەریتییە سەدان ساڵییەی گەلان و دەوڵەت.

د ـ قۆناغی ئیمڕالیم وەک پلاتفۆرمێکی نموونەیی تێکدانی ئەو گەمەیە هەڵسەنگاند. هەربۆیەش بنەما تیۆریەکەی خۆم بەهێزتر کرد کە لەو پێناوەدا پێویست بوو. پەرەم بە سەرجەم بەڵگە و کۆڵەکە فەلسەفی و کردارییەکانی هەلومەرجەکانی ئاشتی و رێگەچارەی سیاسیانە دا. ئەو کار و خەباتە سەختانەی پێویستی بەخۆڕاگری و ئارامی هەبوو دەیتوانی سووڕە ناپەسەندەکانی پیلانگێڕی بشکێنێ و ئەڵتەرناتیڤەکانی چارەسەری

پێشبخات. لەو بارەوە جگە لە متمانە بەخۆکردن هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. لەبنەڕەتدا نیازی پیلانگێڕان و ئەو هێزانەی ڕۆڵیان تێدا بینی زۆر جیاواز بوو. لە کەسایەتی مندا خوازیار بوون PKKو بزووتنەوەی ئازادی لەناوببەن. کردەوە و ڕەفتارەکانی زیندان، هەڵوێستەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا گرێدراوی ئەو ئامانجە سەرەکیە بوو. ئامانجیان بزووتنەوەیەکی کوردان بوو لەمن پاککرابێتەوە. خوازیاربوون ڤێرسیۆنێکی مۆدێرنی بەکرێگیراوێتی نەریتی خەسێنراو ئاوا بکەن کە لە خزمەتی سەردارەکانی دابێت. بەتایبەتیش هەوڵە درێژخایەنەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لەو چوارچێوەیەدا بوو. هێزی دەسەڵاتداری تورکیش لەسەر ئەو بنەمایە بۆ ڕێککەوتن کراوە بوو. بەکورتی؛ ئەو مۆدێلەی خەساندن کە بەتایبەتی هەژموونگەرایی ئینگلیز سەرەتا لەسەر بزووتنەوەی چینی کارکەر، دواتریش لەسەر بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتیمانی و بزاوتە دیموکراسیخواز ـ شۆڕشگێڕەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێی کرد، لەمیانەی ڕێبازی لیبڕالیانەی ئازادی و مافی مرۆڤ بە سەرکەوتن گەیشتبوو. ڕێکخستن و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانیان لەناوبرابوون. هاوشێوەیەکی ڕێبازە سەدانساڵیەکانی لەناوبردن لەسەرPKK و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، یەکسانی و ئازادیخوازی هاوبەشیخواز جێبەجێ دەکرا. ئەوە ئەو ئەنجامە سەرەکیە بوو کە لە قۆناغی ئیمڕالی چاوەڕوانیان دەکرد، ئەوە ئەو پیلانە بوو کە کارێکی زۆریان بۆ کردبوو، بەشێوازێکی پسپۆڕانە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدان. ستراتیژ و تەکتیکەکان لە چوارچێوەی ئەو پیلانەدا پێشدەخران. ئەو بەرگرینامەیەی لە بەرامبەریاندا ئامادەم کرد پشتی بە هەڵوێستی دۆگماتیکانەی ئۆرتۆدۆکسی کلاسیک و خۆرزگارکردن و باشترکردنی هەلومەرجەکانم نەدەبەست. ئەو شتەی بەرگرینامەکانمی ئاراستەکرد،

ڕێبازی ئاشتی شەڕەفمەندانە و ڕێگەچارەی دیموکراتیانە بوو کە بە پرەنسیپە و بەگوێرەی راستینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەلانە.

**** سەرچاوە: پەرتووکی: مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک – بەرگی پێنجەم: کێشەی کورد و ڕێگەچارەی نەتەوەی دیموکراتیک - عەبدوڵلا ئۆجەلان چاپی یەکەم – لاپەڕەکانی نێوان (397 تا 415)**

